دیمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

۳۰ی سەرماوەزی ۱۳۸۱ ۲۱ی دێسامبری ۲۰۰۲ ژمارە ۳۵۵ ۱۵۰ تمەن

## خۆپێشاندانی ئیعترازی بە دژی جینایەتەکانی ڕێژیم لە پیرانشار

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٥ی سەرماوەز، هێزە بەکرێگیراو و دژیگەلی‌یەکانی ڕێژیم لە پیرانشار کاروانچی‌یەکیان بەناوی ئیبراهیم کوری حەمەد ناسراو بە برایمەرووت خەڵکی گوندی "سێوێ گەدەی"، لە شوێنێك بە ناوی "گۆلی وشتران" دایە بەر دەسڕێژ کە لە ئاکامی ئەو کردەوە دژی ئینسانی‌یەدا گیانی لەدەست دا. هەرکە هەواڵی ئەو ڕووداوە دەگاتە شاری پیرانشار، خەڵکی ئازاو وەزاڵەهاتوو لە جینایەتەکانی ڕێژیم ڕژانە نەقامەکان و هێرشیان کردە سەر بنکەو ئیدارە دەوڵەتی‌یەکان و شووشەو پەنجەرەی ئەو شوێنانەیان شکاند: فەرمانداری، شارەداری، بەڕێوەبەرایەتیی جەهادی سازەندەگی، ئیدارەی جەهادی سازەندەگی، ئیدارەی موخابەراتی قەدیم، کیوسکەکانی ڕووبەڕووی فەرمانداری، بانکی میللی، بانکی کەشاوەرزی، بانکی ریفاو بانکی سادرات. خۆپێشاندەران هەروەها هێرشیان کردە سەر دادگاو ئاوریان تێ بەردا کە لەلایەن هێزەکانی ئاگرکوژێنەوەی شارەداری‌یەوە ئاورەکە کوژاندرایەوە. ئەو خۆپێشاندانە تا کاتژمێر ۱۰/۳۰ی شەو درێژەی کێشا.

کاتژمێر ٥ی بەیانی ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەز تەرمی کاك برایم بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی پیرانشار بە خاك سپێردرا. "کوردستان" وێڕای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی‌و لەگەڵ دەربڕینی هاودەردیی لەگەڵ بنەماڵەو کەس‌و کاری کاك برایم، سڵاو و ئافەرین بۆ خەڵکی چاونەترس‌و خەباتگێڕی پیرانشار دەنێرێ.

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێکی بەرین

# بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەوە



سەعات ۱۰/۳۰ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ۲٦ی سەرماوەز بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و ژمارەیەك لە ئەندامان، جێگران‌و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی‌و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و بنەماڵە بەڕێزەکانیان، لە یەکێك لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێورەسمە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پی‌کرد. پاشان بەخێرهاتنەوەی سکرتێری گشتیی حیزب لە سەفەری دەرەوەی وڵات‌و ئامادە بوونی لەو ڕێورەسمەدا کرا کە لەگەڵ خۆشحاڵیی بەشداران بەرەوڕوو بوو. ئینجا هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوەو دەورو ئەرکی پێشمەرگە لە جووڵانەوەی گەلی کورددا بە درێژی قسەی کرد. بەرنامەکە بە خوێندنەوەی شێعرو بەڕێوەچوونی چەند بەرنامەی هونەری تا سەعات ۱۲/۳۰ی نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ درێژەی کێشا. دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری هەر لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە.

## بەفرێکی زۆر زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی گرتەوە

لە ماوەی یەك حەوتووی ڕابردوودا، بەفرێکی زۆر زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی گرتەوەو بوو بە هۆی بەسترانی ڕێگای نێوان هێندێك لە شارەکان بۆ وێنە ڕێگاکانی نێوان پیرانشار ـ سەردەشت، سەردەشت ـ بانە. جگە لەم شارانە، لە ناوچەکانی سەر بە مەریوان‌و دیواندەرەش، ڕێگاکانی هاتوچۆی نێوان گوندەکان بەسترا. لە بانەو پیرانشارو سەردەشت ئاوو بەرقیش بۆ ماوەی چەند شەوو ڕۆژ بڕا. لە ناوچەی بانە ۱۰ کەس کەوتنە بن ڕنوو کە خەڵك فریایان کەوتن‌و لە مردن ڕزگاریان کردن.

## لێکۆڵەرانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە چاویان بە دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران دەکەوێ



ڕایەڵکەی C.N.N ڕۆژی پێنج شەممە ۱۲ی دێسامبر (۲۱ی سەرماوەز) کۆمەڵێك وێنەی پێشان دان کە ماهوارە جاسووسی‌یەکانی ئەمریکا لە دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران لە نزیك شارەکانی ئەراك‌و نەتەنز هەڵیان گرتبوونەوە. ئەو وێنانە سێ مانگ لەوەپێش هەڵگیرابوون. کاربەدەستانی ئەمریکایی دەڵێن دەتوانرێ لەو دوو دامەزراوە ئەتۆمی‌یە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی بە کارهێنانی لە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمدا کەڵك وەربگیرێ.

دوای ئەوەی بۆ جارێکی دیکە ئەمریکا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی تاوانبار کردەوە، کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران ڕایانگەیاند کە لەم دامەزراوانە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە کەڵك وەردەگرن‌و بە ئاگاداریی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە، دروستیان کردوون. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزە ڕای‌گەیاندوە کە لە مانگی فێوریەی داهاتوودا، سەردانی دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران دەکا.

## سکرتێری گشتیی حیزب:



به دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ "کوردستان"دا:

# دنیای دەرەوە زیاتر لە هەموو وەختێک لە وەزعی ئێران حاڵین، ئێستا تێگەیشتوون کە ئێران ناتوانێ لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا گۆڕانی ئەساسیی بەسەرا دابێ

# خوێندکارانی ئێران نیشانیان دا کە هەنگاوێکی دیکە لە عەزم‌و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەدا چوونە پێشێ کە کاربەدەستان ناتوانن پێشیان پێ بگرن

لەم دوایانەدا هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب لە سەفەرێکی چەند مانگە بۆ ئورووپا، گەڕایەوە. "کوردستان" لەپێوەندی لەگەڵ سەفەرەکەی‌دا وتووێژێکی لەگەڵ پێك هێنا کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:

۲

## پارێزەرانی بیگانە ئامادەیی خۆیان بۆ داکۆکی لە هاوکارانی ئێرانیی خۆیان ڕاگەیاند



سایتی ئینێرنێتیی "ڕووداد"ڕای‌گەیاند کە بە دوای زۆرتر بوونی فشاری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەو وەکیلانەی داکۆکی لە پەروەندە سیاسی‌و چاپەمەنی‌یەکانیان گرتۆتە ئەستۆ، چەند وەکیلی خاریجی ئامادەیی خۆیان بۆ وەئەستۆ گرتنی وەکیلایەتیی هاوکارانی ئێرانیی خۆیان ڕاگەیاندوە.

پێویستە بگوترێ تا ئێستا چەند کەس لە پارێزەرانی ناسراوی ئێران سەبارەت بە شێلگیر بوونیان لەسەر پەروەندەی قەتڵە سیاسی‌یەکان، ئیجازەی تێکۆشانیان لێ وەرگیراوەتەوە، یا گیراون. هەر ئێستا "ناسر زەرئەفشان" وەکیلی بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان لە زیندان دایە.

وەرگیراو لە سایتی ئینتێرنێتیی: "ایران امروز"

## سەرەڕای دەربڕینی خۆشبینی، وتووێژەکانی ئێران‌و یەکیەتیی ئورووپا پێشکەوتنێکی تێدا نەبووە

یەکیەتیی ئورووپا وتووێژی دوو ڕۆژەی خۆی لەگەل ڕێژیمی ئێران لەبارەی مافی مرۆڤەوە کە ۲٥و ۲٦ی مانگی سەرماوەز لە تاران بەڕێوە چوو، بە باش‌و بەکەلك دانا. چەند ڕۆژ پێش ئەو وتووێژانەش، لە بروکسێل لە نێوان کۆماری ئیسلامی‌و یەکیەتیی ئورووپا، لە بواری بازرگانی‌و سیاسی‌دا وتووێژ ئەنجام درابوو.

سیاسەتی یەکیەتیی ئورووپا بریتی‌یە لە پەرەپێدانی پێوەندیی دوو لایەنەی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا. بەڵام بەو هۆیەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوەڕۆکی خۆی‌دا دژی مرۆڤ‌و ماف‌و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکانە، لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لە وتووێژەکانی نێوان ئەو ڕێژیمەو یەکیەتیی ئورووپادا



بەدی نەکراوە.

یەکێك لەو مەسەلانەی لە وتووێژەکانی ئەم دوایی‌یانەی ئێران‌و یەکیەتیی ئورووپادا باسیان لێ کرا، قەدەغە بوونی ئەشکەنجە، مافەکانی ژنان‌و مافەکانی کەمایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکان، جیاوازیدانانی ڕەگەزی‌و دژایەتی لەگەڵ بێگانەکان بووە. یەکیەتیی ئورووپا هەروەها داواکار بووە ئێران بۆ سەفەری لێکۆڵەرانی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی لەبواری توندوتیژی دژ بە ژناندا مل بدا. جگە لە مەسەلەی مافی مرۆڤ یەکیەتیی ئورووپا هەوڵ دەدا ئێران هان بدا تا ئیسرائیل بە ڕەسمی بناسێ‌و پەیماننامەکانی پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانی چەکە کۆکوژەکان بەڕێوە ببا و بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی دابین کردنی سەرچاوە ماڵی‌یەکانی تیرۆریزم، وەبەرچاو بگرێ.

ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی لێبووردن‌و چاوەدێری مافی مرۆڤ داوایان کردبوو لە وتووێژەکانی تاراندا بەشدار بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ویزای بە نوێنەرەکانیان نەدابوو.

## لەم ژمارەیەدا

تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات ۳

دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری لە ڕێورەسمی ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەزدا ٤

٦ ساڵەی بڵاو بوونەوەی "ئەدەب‌و هونەر" لە کوردستاندا ٥ ـ ۸

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، دەقێکی مێژوویی‌و ڕێ نیشاندەر ۹

بزووتنەوەی کوردستان‌و خەباتی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە ۱۰

# وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە گەڵ هاوڕێی تێکۆشەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری گشتی حیزب



**کوردستان: زۆر بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! وێڕای بە خێرهاتنەوەتان لە سەفەری ئەم دواییانە بۆ دەرەوەی وڵات بە بۆنەی قبووڵی ئەم وتووێژە لە گەڵ ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سپاستان دەکەین، دیسان بەخێر بێنەوە.**

**سکرتێری گشتیی حیزب:** ئەمنیش سپاستان دەکەم کە ئەو هەلەتان بۆ پێك هێنام لە ڕێگای ڕۆژنامەی کوردستانەوە هێندێك بیرو باوەڕی خۆم دەربڕم. هەر لەو ڕێگایەشەوە سڵاو و حورمەتی خۆم پێشکەشی هەموو هاوڕێیانی حیزبیو هەموو ئەوانە کە ڕۆژنامەکە دەخوێننەوە،بکەم.

**کوردستان: یەکەم پرسیارمان لە جەنابتان ئەوەیە، ئەگەر دەکرێ بفەرموون مەبەستە سەرەکی‌یەکانت لە سەفەری ئەمجارەتان بۆ دەرەوەی وڵات چی بوون؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** مەبەستی سەفەری ئێمە بۆ دەرەوەی وڵات تەقریبەن هەموو جارەکان ڕیزە مەسەلەیەکی وەك یەکن کە بریتین لە تەماس لە گەڵ هاوڕێیانی حیزبی لە وڵاتانی جۆر بە جۆر تا ئەو جێگایەی کە مومکین بێو وەختی سەفەرەکە ئیجازە بدا، پاشان دیدار لە گەڵ نوێنەرانی پارلمانەکان،نوێنەرانی ئەحزابی سیاسیو نوێنەرانی دەوڵەتەکان ئەگەر بۆ خۆیان ڕازی بنو سیاسەتەکانیان ئیجازە بدا، بۆ باس کردنی هەڵوێستو سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە مەسەلەی کوردو مەسەلەی ئازادیو دیموکراسی لە سەرانسەری ئێرانداو وەزعی وڵاتەکەمان بە گشتیو وەزعی کوردستان بە تایبەتی. بەڵام سەفەری ئەمجارە بیجگە لەو هەدەفانەو هێندێك هەدەفی دیکە، شتێکی تایبەتییشی تێدا بوو، ئەویش بەشدار بوون لە ڕێوڕەسمی یاد کردنەوەی شەهید بوونی ڕێبەری بە توانامان کاك دوکتور سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانیدا کە دە ساڵی بە سەردا تێ‌دەپەڕی، دیارە نەدەکرا لە تەواوی ئەو ڕیوڕەسمانەدا ئەمن یا کاك مستەفای مەولوودی کە هاوسەفەرم بوو، بەشدار بین، بەڵام لانی‌کەم ئەوەندەی کە بۆمان مومکین بوو لە بێرلین ـ شوێنی حادیسەکە ـ بەشدار بووین. لە فەڕانسە کە شوێنی دەرس خوێندنی دوکتور سەعید و جێگای مانەوەی کاك فەتتاح عەبدولی و هەروەها دۆستێکی یەکجار زۆری حیزبی دیموکراتی کوردستانو شەخسی دوکتور سەعیدو کاك فەتتاح عەبدولی لە وێ‌دا هەبوون هەروەها لە سوئێدیش کە جەمعێکی زۆری ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێیە. جگە لەم شوێنانە. لە وڵاتانی سکاندیناڤییش وەکوو نۆروێژو دانمارکو فێنلاند خەڵك دەیان توانی بەشدار بن، لەم سێ جێیانەدا ئەمن بۆ خۆم بەشدار بووم. یەکێك لە هەدەفەکانیش بە تایبەتی خستنی سەفەرەکە بۆ ئەو کاتە دیاری کراوە هەر ئەوە بوو کە بتوانین لەو یادە تاڵەدا بەشدار بین.

**کوردستان: هەر وەك ئاماژەتان فەرموو لەو ماوەیەدا کە بەڕێزتان لە دەرەوە بوون، سێ ڕێو ڕەسمی تایبەتی بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبو چەند هاوڕێی دیکەمان لە سێ وڵاتی، ئەڵمان، سوئێدو فەڕانسە بەڕێوە چوون. حەز دەکەین نەزەری بەڕێزتان لە سەر هەر کام لەو ڕێوڕەسمانەو تەرکیبی بەشدارانو گرینگی‌یەکانیان بزانین؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** دەبێ لە پێشدا ئەوە عەرز بکەم کە مەڕاسمێك کە بەو بۆنەوە لە دەرەوە گیرا، تەنیا ئەو سێ ڕێوڕسمە نەبوون، بەڵکوو لە هێندێك وڵاتی دیکەش ئەو ڕێوڕەسمانە بەڕێوە چوون، بۆ نموونە هەر لە ئورووپا لە سوئیس و هەروەها لە ئەمریکاو ئوستراڵیاو ئەگەر بە سەهوو نەچووبم لە نۆروێژیش، ـ نەك لە پایتەخت ـ لە یەکێك لە شارە گەورەکانی ئەم وڵاتە یادی دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی کرایەوە، بەڵام ئەوانەی کە ئێمە تێیاندا بەشدار بووین ئەم سێ وڵاتە بوون (ئەڵمان، فەڕانسەو سوئێد ). ئەو مەڕاسمانە هەر کامەیان لە جێی خۆی‌دا گرنگیی تایبەتی خۆیان هەبوو. ئەوەی کە مەربووت بە ڕێوڕەسمی یەکەم بوو کە ڕاست لە ڕۆژی قەومانی حادیسەکە، یەعنی لە ڕۆی ١٧ی سێپتامبر (٢٦ی خەرمانان )دا گیرا. گرنگی‌یەکەی لەوەدا بوو کە مەڕاسمەکە لەو شوێنە بوو کە حادیسەکەی لێ ڕوو دابوو. لەو بارەیەوە موهیم بوو کە ئەحزابی ئەڵمانی، هەرچەندە وەختێکی زۆر خراپ بوو، ئەحزابی ئاڵمانی دەرگیری مەسەلەی هەڵبژاردن بوونو کەس وەسەر هیچ شتێکی دیکە نەدەپڕژا، بەڵام حیزبە گرینگە ئەڵمانی‌یەکان کە بۆ ئێمە موهیمنو دۆستمانن، هەموویان پەیامیان ناردبوو، تەنانەت حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەڵمان بێجگە لەوەی کە سکرتێرەکەی پەیامی ناردبوو، نوێنەرێکی تایبەتیشیان بە ناوی ئاغای "ولفگانگ ڤێگە" ناردبوو کە دۆستێکی لە مێژینەی ئێمەیە، وەکوو نوێنەری حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەڵمان لە کۆبوونەوەکانی ئەنتێر ناسیۆنالی سۆسیالیست بەشدار دەبێ، لەوێ‌دا ئاشنایەتیمان پەیدا کردوە. بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی ئەحزابی سیاسیی ئێرانیو کوردستانییش بەشدار بوون، حەتمەن گوێتان لێ بووەو خوێندووتانەتەوە تەجەمووعێکی ئەحزابی کوردی هەیە کە ١٨ حیزبی لە خۆی گرتووە، نوێنەری ئەوانیش بەشدار بوو. لەو بارەیەوە لە بەر چاوی من ئەهمییەتێکی تایبەتی هەبوو کە دەبوو ئەو مەڕاسمە لەوێ بگیرێ. هەرچەندە بە نەزەری من ـ پێم خۆشە بیڵێم ـ مەڕاسمێك کە لە بێرلینێ پێکمان هێنا، دەکرا لەوە گەورەتر بێ، لەوە بەشکۆتر بێ، وەختەکە باش نەبوو، دوای تەعتیلات بوو و لە ئەڵمانێ وەختی هەڵبژاردن بوو بە حاڵەش پێم وایە، ئەو یادە پێویستی بەوە هەبوو کە بە شکۆیەکی زیاترەوە بەڕێوە بچێ. ڕەنگ بوو لەو بارەیەوە برێك باشتری ڕێك بخەین. ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ مەڕاسمی دووهەم کە سێ ڕۆژ دوای حادیسەکە بوو و لە سوئێد بەڕێوە چوو دەکرێ بڵێم جوانترین، ڕێكو پێکترینو بەشکۆترین ڕێوڕەسمی بیرەوەری لەو بابەتە بوو. ساڵۆنێکی زۆر باشو ڕێك پێك گیرا بوو کە لە ڕاستی‌دا بەو جۆرەی کە باسیان دەکرد، یەکەم جار بوو کە حیزبێکی سیاسیی کوردی یا حیزبێکی سیاسیی ئێرانی، لە ساڵۆنێکی وادا مەڕاسم پێك بێنێ. پاشان جەمعێکی زۆر و بە "کیفیت" لە ئەندامانی حیزب، لە ئێرانی‌یەکان، لە کوردەکان لەوێ‌دا بەشدار بوون. ڕێوڕەسمێکی تەواو بەشکۆ بوو و نزیك بە شەش سەعات وەختی خایاندو خەڵکەکە زۆر بە عەلاقەوە لە ماوەی ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار بوون، بەشی هەرە زۆری لە گەڵ ئەوەی‌دا کە پێش بینی نەکرابوو ئەوەندە درێژ بکرێتەوە، بەڵام شتێکی باش بوو. لە واقیعدا تەبدیل بوو بە ڕێوڕەسمێکی سیاسی کە تەنیا بیرەوەری نەبوو، دەربڕینی هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتو "عکس العمل" نیشان دانی هێندێك لایەنی سیاسیو بەتایبەتی نوێنەری حزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی گرووپی کاری کوردانە لە ئەنتێر ناسیۆنالی سوسیالیستدا، گۆڕینەوەی بیروباوەڕ کە بوو بە هۆی ئەوەی کە هێندێك بەحسی سیاسییشی لێ پەیدا بن کە دواتریش لە ڕادیوو ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی دایەوە. ئاخرین مەڕاسم کە منو کاك مستەفا تێی‌دا بەشدار بووین، پێنج حەفتە دوای ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور سادقو هاوڕێکانی بەڕێوە چوو. هۆی ئەم درەنگ کەوتنەش ئەوە بوو کە پێمان خۆش بوو مەڕاسمەکە لە پارلمانی فەڕانسەدا بگیرێ. پارلمانیش درەنگ تەعتیل ببوو و درەنگیش دەستی بە کار دەکردەوە. گرینگ بوو کە ئەو مەڕاسمە لە پارلمان بەڕێوە بچێ. لە باری "کیفیت"ەوە یەکجار لەسەرەوە بوو، ژمارەیەکی زۆر لە شەخسییەتە ناسراوەکان، ئەو شەخسییەتانەی کە لە فەڕانسە بەقامکی دەست ئیشارەیان پێ‌دەکرێ، لەوێ‌دا بەشدار بوون. هەموویان یا پەیامیان ناردبوو ـ کە زۆربەیان هاتبوون یا بۆ خۆیان پەیامیان خوێندەوە. حیمایەتێکی یەکجار سەمیمانەیان لە سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات، لە ئامانجەکانی میللەتی کوردو ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتو ئازادی لە ئێراندا کردەوە. پێم وابێ کەمو زۆر ئەو شتانە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراونەوەو خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان ئاگادار بوون. بە گشتی دەتوانم بڵێم هەموویان ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ بوون، شیاوی ئەو بیرەوەرییە تاڵە، بەڵام لە عەینی حاڵدا موهیمە بوون.

**کوردستان: جەنابتان لەو سەفەرەتان‌دا لە گەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە هەئیەتو بەرپرسانی دەزگا حکوومەتی‌یەکانی وڵاتانو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان دیدارو دانیشتنت هەبوو، نێوەرۆکی باسەکانی ئەم دیدارانە چی بوونو بۆچوونی ڕۆژئاوایی‌یەکان بە گشتی لە سەر وەزعی ئێستای ئێرانو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران چۆن بوو؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** نێوەرۆکی ئەو باسانە هەروەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا عەرزم کردن، هەمیشە وەك یەکە، یەعنی ئینسان کە چاوی بە خەڵکی دونیای دەرەوە دەکەوێ، چ ئەوانەی کە لە دەزگای ئیجرایی دەوڵەتەکاندا بەشدارن، وەکوو کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەو ئینسانە بڕیار بە دەستەکان، چ پارلمانتێرەکان یا سەرۆکی حیزب وڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، زیاتر مەبەستی ئەوەیە کە وەزعی خەباتی گەلی کوردو خەباتی ئازادیخوازانەی سەراسەری ئێرانو وەزعی ئێرانو وەزعی دەوڵەتو بە تایبەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەمانیاندا بۆ شەرح بداو تێبکوشێ سەرنجی ئەوان بۆ لای ئەو خەباتە ڕەوایە کە گەلی کوردو گەلانی ئێران بەڕێوەی دەبەن، ڕابکێشێ. بەڵام ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەڵوێستی ڕۆژئاوایی‌یەکان، دەکرێ بڵێین ئەوەی ئێمە دیومانە نموونەیەکە، ناکرێ ئەو حوکمە بە سەر هەموویاندا بسەپێنین، چونکە ئێمە ژمارەیەکی کەم دەبینین کە دەتوانێ نموونەیەك بێ. چەند حیزب دەبینین یا نوێنەرانی چەند حیزبی سوسیالیستو سوسیال دیموکرات دەبینین دەتوانی وەك نموونە حیسابی بکەی. لە گەڵ وەزارتی کارو باری دەرەوەدا دادەنیشی، ڕەنگە بتوانی کەمو زۆر قەزاوەتی خۆتی لە سەر بکەی کە ڕەنگە سیاسەتی ئەوانەی دیکەش بەو جۆرە بێ. مەسەلەکە لە نێوان "مقامات رسمی" و "غیر دولتی" دا فەرق دەکا. دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە "مقامات دولتی" بە ئیحتیاتێکی زیاترەوە بەرخورد بە مەسەلەی خەباتی ئێمەو میللەتانی دیکەی وەك ئێمە دەکەن. شتێکی تەبیعییشە، چونکە ئەوان لە گەڵ دەوڵەتان پێوەندییان هەیە. ئەوانەی کە پارلمانتێرن، ڕۆژنامەنووسن یا بەرپرسی حیزبێکی سیاسین کە لە دەسەڵات دانیە، ئەوانە کراوەترن، بە سەراحەتێکی زیاترەوە نەزەری خۆیان دەردەبڕن. ئەوەی کە لە بەر چاو بوو، هەموویانو هەرکەسە لە "موقعیت"ی خۆیو بە ئەندازەی ئەوە کە وەزعییەتی شوێنو کارو شوغڵی ئیجازەی پێ‌دەدا، پشتیوانییان هەم لە خەباتی خەڵکی کوردستانو هەم لە خەباتی سەرانسەری ئێران بۆ ئازادیو دیموکراسی دەکرد. لە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانێ‌دا ناڕازی بوون، بەڵام شتێکی کە دەتوانم بڵێم لەم سەفەرەدا یەکجار زۆر تازە بوو، ـ کە ڕەنگە یەکێك بە سەراحەتەوە بیگوتایەو یەکێك بە سەراحەتی تەواوە نەیگوتایە، بەڵام بە ئاشکرا دیار بوو ـ ئەوە بوو کە هەموویان زیاتر لە هەموو وەختێك لە وەزعی ئێرانێ حاڵین، ئەو "توهم" و "گمان"ەی کە هەیان بوو ئەوە ئیسلاح تەڵەبەو ئەوە "پراگماتیست"ەو ئەوە چیە، ئەوە بەتەواوی لاچووە. هەموویان لەو باوەڕەدان کە ئێمەی ئێرانی یا ئێمەی کوردی ئێرانی وڵاتەکەی خۆمان چاکتر لە وان ناسیوە. چونکە ئەوان بە هێندێك قسەی کە لە مەقامێکی ڕەسمی وەکوو سەرۆك کۆمار بیستراون، باوەڕیان کردووەو حیسابیان لە سەر کردوە، بێ‌خەبەر لەوەی کە سەرۆك کۆمار لە وڵاتێکی وەك ئێرانێ‌دا ساحیبی بڕیار نیە. بڕیاری ئەساسی بە دەست کەسانی دیکەوەیە کە زاهیرەن هیچ مەسئولییەتێکیان نیە. ئێستا تێ‌گەیشتوون کە ئێران ناتوانێ لە ژێر سێبەری جمهووریی ئیسلامی‌دا گۆڕانی ئەساسیی بە سەردابێ. وەکوو لە پێشەوە گوتم، دووپاتی دەکەمەوە، ڕەنگە یەکێك بیڵێو یەکێك نەیڵێ، بەڵام ئەو هەستە لە هەموویان‌دا دەبینی کە گەیشتوونە ئەو باوەڕە کە بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێرانی‌دا دەبێ دەوڵەتەکەو سیستمەکە بگۆڕدرێ، نەك ئەوە کە گۆیا ئەو سیستمە دەتوانێ لە نێو خۆی دا گۆڕانێکی ئەساسیی بە سەردا بێ.

**کوردستان: لە ڕۆژەکانی کۆتایی سەفەرەکەی بەڕێزتاندا بزووتنەوەی خوێندکاری بە هێندێك تایبەتمەندیی تازەوە خۆی دەرخستو حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خوێندکاری بۆ ماوەی سێ حەوتوو بەردەوام بوون. بیروڕای جەنابت لە سەر بزووتنەوەی ئەم دوایانەی خوێندکاری لە ئێراندا چۆنەو ئەم حەرەکەتانە بەم تایبەتمەندی‌یە تازانەوە لە دەرەوەی وڵات چۆن سەیر دەکرێن؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە بە باوەڕی من ئەوەی کە لەم سێ حەوتووەدا ـ سێ حەوتووی پێش گەڕانەوەی من ـ بینیمان، لە واقیعدا دیمەنێك بوو لەو ڕێبازە تازەیە یا لەو "کیفیت"ە تازەیە کە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێرانیو بە تایبەتی خوێندکارانو لە سەر یەك دانیشگاکان گرتوویەتە بەر. لە وڵاتی ئێمەدا دانیشگاو خوێندکار سوننەتێکی زۆر کۆنی خەباتگێڕانەیان هەیە، هەمیشە ئەو ئیفتخارەیان هەبووە کە لە ڕیزی پێشەوەدا بوون. شتێکی سەیریش نیە، چونکە ئاگاترین توێژی کۆمەڵ لە ڕاستی‌دا لە دانیشگان، جا چ خوێندکار بن، چ مامۆستا بن یا کادری دانیشگا بن، مەعلوومە کە ئەوان ئاگاترن، کەوابێ ئەوە شتێکی تازە نەبوو. بەڵام دیمەنێکی بەربڵاوی هەبوو، شوعارەکان لە جاران ڕوونتر بوون، لە گەڵ ئەوەی توندوتیژی‌یان زۆر لە گەڵ کرا، زۆریان فشار بۆ هات، بە هیچ جۆر پاشەکشەیان نەکرد، یانی نیشانیان‌دا کە هەنگاوێکی دیکە لە عەزمو ئیرادەی شۆڕشگێڕانەدا چوونە پێشێ کە کاربەدەستان ناتوانن پێشیان پێ‌بگرن، بەڵام لەو بارەیەوە بۆ یەکەمجار حەقیقەتێکم بەر چاو کەوت. ئەوەندەی کە من لە گەڵ نێوخۆی وڵات تەماسم هەبوو و تەعقیبم دەکرد، ئەمجارەیان دەتوانین بڵێین بەرچاوتر لە جاران کە تەنیا خوێندکاران لە حەرەکەتەدا بەشدار نەبوون، خەڵکی دیکەش ویستیان خوێندکارەکان بە تەنیا نەبن، پشتیوانییان لێ‌کردنو لە خۆپیشاندانەکان بەشدار بوون و تەنانەت کوتەكو جنێوەکانیشیان لە گەڵ بەش کردن کە شتێکی بەرچاوو تازە بوو. ئەوەی کە لە دەرەوە بەرچاو دەکەوت، بە سەراحەت دەبێ بڵێم پاش ئەم حەرەکەتەی خوێندکاران، ئەمن دیدارێکی زۆرم لە گەڵ خاریجی‌یەکان نەبوو، بەڵام بە ڕێکەوت لەو ماوەیەدا چاوپێکەوتنم لە گەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی ئێرانی هەبوو.←

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

هیزە سیاسی‌یەکانی ئیرانی هەموویان بە باوەڕەوە لە حەرەکەتی خویندکارەکان "تحلیل"یان دەکردو هیوایان پی‌دەبەستن. ئەوەندەش کە ئاگامان لی بوو، بیروڕای گشتیی دنیای دەرەوە هەمووی لە پشتی ئەو داخوازیانە بوو کە خویندکاران لەو ماوەیەدا مەترەحیان دەکردن. وەك لە پیش‌دا عەرزم کردن دنیای دەرەوە ئیستا گەیشتوتە ئەو جیگایە کە ئەگەر قەرارە لە ئیرانی‌دا ئالوگور پیك بی، دیموکراسی‌و ئازادی لە ئیرانی‌دا بەرقەرار بی، دەبی وەزعی ئیرانی بگوری. لە چوار چیوەی جمهووری ئیسلامی‌داو لە چوار چیوەی قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی‌دا و لە چوار چیوەی سیستمی "ولایت فقیە"دا پیك هاتنی ئەو ئالو گورە ئیمکانی نیە. لە بەر ئەوە خەلك بە چاویکی دیکەوە تەماشای ئەو حەرکەتەی دەکردو بە ریزەوە لییان دەڕوانی‌و داخوازەکانی خویندکارانیان بە شتیکی ڕەواو پیروز سەیر دەکرد.

**کوردستان: لەو ماوەیەدا کە جەنابتان لە دەرەوە بوون، چەند تیکوشەری حیزبی دیموکرات لە زیندانەکانی کوماری ئیسلامی‌دا ئیعدام کران، هەلویستی کورو کومەلە بەشەر دوستەکان لەو پیوەندی‌یەدا چون بوو؟**

**ماموستا عەبدوللا حەسەن‌زادە:** شتیکی جالبت بو باس بکەم، ڕاست ئەو ڕوژەی کە ئەو ڕەفیقانەمان ئیعدام کران‌و من ئاگام لی‌نەبوو، ئیمە لە گەل کومیسارییای مافی مروڤ لە "ژنیڤ" دانیشتن‌مان هەبوو، لیستی زیندانی‌یەکانمان بە دەستەوە بوو، پیمان گوتن کە ئەوانە حوکمی ئیعدامیان لە سەرە، داوامان لی‌کردن کە هەول بدەن بو ئەوەی ئەو حوکمانە "لغو" ببنەوە. داوامان لی‌کردن لە بارەی ئەو کەسانەوە کە زیاتر لە پینج سالە بی سەرو شوینن، کاریك بکەن کە هیچ نەبی بزانین لە کوین، لە چ زیندانیکن، چارەنووسیان چیە کە ئیمە وەك حیزبی وان‌و بنەمالەکانیان لییان بی‌خەبەرین. ئیمە لە دیدارەکە هاتبووینەوە هەر بو شەوەکەی خەبەرمان زانی، ویڕای ئەوەی کە زورمان پی ناخوش بوو ئیمە دەست بەجی دەست بە کار بووین بو ئەوەی ئاگاداریان بکەین کە ئەو هاورییانەی ئیمە ، ئیعدام کراون‌و ئیستا وەختی ئەوەیە کە داوا بکەین ژیانی ئەوانەی دیکە ڕزگار بکەن. ئیمە مەجبوور نەبووین کە بلیین فلان کەس‌و فلان کەس ئیعدام کراون، هەر نووسیمان لە لیستیك‌دا کە داومانە بە ئیوە، زیندانیی ژمارە ئەوەندەو ئەوەندە،حوکمی ئیعدامیان لە سەر جی‌بە جی کراوە. بە سەراحەتەوە دەبی بلیم ویڕای ئەوەی کە سازمانە ئیرانی‌یەکان مەحکوومیان کرد، ریکخراوەکانی مافی مروڤ ئەم ئیعدامانەیان مەحکووم کرد، بە تایبەتی ئاغای دوکتور عبدالکریم لاهیجی خوا هەلناگری هەم بەیانیەی دەرکردو هەم "مصاحبە مطبوعاتی"ی پیك هینا، بەڵام هەلویستی دەولەتەکان بە ڕای من ئەوە نەبوو کە جوابی ئەو فاجعەیەو ئەو ئینسانکوژیە بداتەوە. هاوکات لە گەل ئەوەی کە ڕەنگە ئیوەش ئاگادار بن، هیندیك کەسی‌دیکەشیان مەحکووم بە ئیعدام کرد کە هیوادارم ئەو حوکمەیان هەلوشیتەوە یا تا ئیستا هەلوەشابیتەوە. بە باوەڕی من "عکس العمل"ەکە کەمتر بوو لەوەی کە دەبوو ببوایە، ڕەنگە ئەمەش لە بەر ئەوەی بی کە دنیا لە چەند مانگی دوایی‌دا بە هیندیك مەسەلەی دیکەوە، کە زەقترن مەشغوولە. مەسەلەی ڕوژهەڵاتی نیوەڕاست، مەسەلەی ئیختلافاتی ئەمریکا لە لایەك‌و عیراق لە لایەکی دیکەوە ئەو "توجە"ەی کە پیمان وابوو دەبوو پیی بکری، یا لانی کەم من پیم وابوو دەبی پیی بکری، بە داخەوە پیی نەکرا.

**کوردستان: ماموستا! بە لەبەرچاو گرتنی هەلو مەرجی ڕوژهەڵاتی نیوەڕاست‌و وەزعییەتی ئیران، ڕاوبوچوونی حیزب‌و ریکخراوە سیاسی‌یەکانی ئیرانتان چون هەست پی‌کرد؟**

**سکرتیری گشتیی حیزب:** لە هەلویست‌و بیرو بوچوونی حیزب‌و ریکخراوە ئیرانی‌یەکان‌دا گورانیکی تەواو "نەوعی" یا "کیفی" پیك هاتوە. زور جار ئەوە گوتراوە کە هوی ئەساسیی مانەوەی جمهووریی ئیسلامی لە دەسەڵات‌دا پرژو بڵاویی ئوپوزیسیونی ئیرانە. ئەم پرژ و بڵاوی‌یە بە داخەوە تا ئیستاش بە جوریك لە جوران هەر ماوە، بەڵام جاران ئەو هیزە سیاسی‌یانە لە جیاتی ئەوەی بەرەنگاری جمهووری ئیسلامی ببنەوە، زورتر خەریکی حەملە بە یەکتر و شەڕە دندووکە لە گەل یەکتری بوون.دوای ئەوە کە وەزعەکە "تخفیف"ی پەیدا کردبوو، حەملە بو سەر یەکتری کەم ببووە. ئیستا وای لی‌هاتوە هیزە سیاسی‌یەکانی ئیرانی بە گشتی هەموویان باوەڕیان بە پیویستیی لیك نزیك بوونەوەو هاوکاری هەیە لە خەبات بە دژی جمهووریی ئیسلامیی ئیران‌دا. وای لی‌هاتوە کە هەموویان حازرن پیکەوە دانیشن‌و قسەی یەکتر ببیستن. تەنانەت لە هەموو لایەکەوە ئەنجومەن‌و کورو کومەل پیك دەهینن بو ئەوەی شتیك بە ناوی جەبهە، بە ناوی "تشکل" یا بە هەر ناویك "ائتلاف" پیك بینن. جاری وایە لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ، "اظهار علاقە" دەکەن کە پیکەوە دابنیشن. ئەوە نیشان دەدا کە ئەوانەی کە لە دەرەوەشن "ضرورت"ی لیك نزیك بوونەوە لە نیو خویان‌دا و لەوەش موهیمتر "ضرورت"ی نزیك بوونەوە لە وڵات‌و هاوکاری لە گەل تیکوشەرانی ژوورەوەی وڵات پتر هەست پی‌دەکەن. دیارە لەو ماوەیەدا زور لە هیزە سیاسی‌یەکانی ئیرانی پیوەندییان لە گەل ئیمە دەگرت‌و داوای هاوکارییان لی دەکردین. ئیمەش لە پیش هەموو کەسیك‌دا لە گەل هەموو کەس‌و دوای هەموو کەسیش باوەڕمان بەوە هەیە کە هیزە سیاسی‌یەکانی ئیران دەبی لیك نزیك بن‌و لە گەل یەکتر لە نزیکەوە هاوکاری بکەن، بو ئەوەی بە خەباتی هاوبەشی هەموومان بتوانین ئەوزاعی ئیرانی بگورین. لە هەمان کات‌دا ئیمە زیاتر تەئکیدمان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە دەبی سەعی بکەین و لە هیزی بنەڕەتیی خەباتی دژی دیکتاتوری نیزیك بین، ئەویش ئەو هیزەیە کە لە نیو خوی وڵات‌دا تی‌دەکوشی. ئیمە هەر چەندە تەجروبەی سیاسی‌و سابیقەی خەباتگیرانەمان هەبی، دەبی ئەوە قبوول بکەین ئەوەی کە دەتوانی لە وڵاتەکەمان‌دا ئالوگور پیك بینی، ئەوانەن کە لە نیوخوی وڵات‌دا خەبات دەکەن. دەبی هەول بدەین کە ئیمە چەندەی پیمان دەکری پتر لەو حەرەکەتە نزیك بین‌و پتر هاوکاریی بکەین، ئیلهامی لی‌وەر بگرین‌و ئەگەر تەجروبەیەکمان هەیە، ئەگەر ئیمکاناتیکیشمان هەیە، بی‌خەینە خزمەتی ئەو حەرەکەتە کە لە نیوخوی وڵات‌دا هەیە. تا ئەو جیگایەی ئەمن ئاگادار بووم هەموویان ئەو ئەسلەیان قبوول بوو.ئەمن داهاتووی پیوەندیی نیوان هیزە سیاسی‌یەکانی ئیرانی بو خەبات لە پیناوی دابین کردنی ئازادی‌و دیموکراسی‌دا لە هەموو وەختیك ڕوونتر دەبینم.

**کوردستان: بەڕیز ماموستا! پیوەندی‌یەکانی حیزبی دیموکرات لە گەل وڵاتان‌و کورو کومەلەکانی لایەنگری مافی مروڤ لە چ ئاستیك‌دایە؟**

**ماموستا عەبدوللا حەسەن‌زادە:** دەتوانم بلیم پیوەندی‌یەکانمان وەك هەمیشە لە گەل کورو کومەلە سیاسی‌یەکان، شەخسییەتە سیاسی، حقووقی، عیلمی‌و کومەلایەتی‌یەکان لە وەزعیکی زور باش دایە. لە هەر جیگایەك کە ئیمە فرسەتمان هەبووە کە لەو شەخسییەتانە یا نوینەرانی ئەحزاب‌و ریکخراوە سیاسی‌یەکان داوای دیدار بکەین، هەمیشە بە باوەشی گەرمەوە پیشوازییان لی‌کردووین، هەمیشە "اظهار"ی پشتیوانی لە خەباتەکەمان‌و داخوازی‌یەکانمان کراوە. ئەمن بە هیچ جوریك هەستم بە ئالوگوریکی بەرەو کز بوون نەکردوە، ئەگەر نەلیم ئالوگوری بەرەو باشتر بوونم دیوە. لە زور جییان‌دا هەستم بەوە کردوە کە زیاتر لە جاران وەزعی ئیمە دەرك دەکەن‌و زیاتر لە جاران باوەڕیان بە ڕەوا بوون‌و "حقانیت"ی داواکانمان و خەباتەکەمان هەیە. لەوەش موهیمتر باوەڕیان بە لیکدانەوەکانمان لە سەر وەزعییەتی ئیران‌و ماهییەتی جمهووریی ئیسلامی پەیدا کردوە. لە سەر یەك دەتوانم بلیم ئەو پیوەندی‌یانەی کە ئیمە هەمانن، جیگای ڕەزامەندین، ڕەنگە لەو بارەیەوە بتوانین باشتر بین، گلەییمان لە سەر بی کە بەو جورەی پیویستە پیوەندی‌یەکانمان چالاك نین، دەتوانین چالاکتر بین. بەڵام ئەوەندەی کە دەگەڕیتەوە سەر هەلویستی ئەوان بەرامبەر بە حیزبی دیموکرات، هەلویستەکە زور باشە.

**کوردستان: بە سەردان لە کومیتەکان‌و ریکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە دەرەوە، کاری ئەو کومیتەو ریکخراوانەتان چون بینی‌و چونی هەلدەسەنگینن؟**

**ماموستا عەبدوللا حەسەن‌زادە:** وەك هەمیشە من "واقع بینانە" دەلیم ئیمە لە دەرەوەی وڵات دەتوانین لەوەی کە ئیستا هەین باشتر بین، چونکە سەرمایەیەکی یەکجار زورمان هەیە. بە تایبەتی لە بەشیك لە وڵاتانی ئورووپایی، ڕوونتر بلیم وڵاتانی سکاندیناڤی کە دەتوانم بلیم بە چوار وڵاتی سکاندیناڤی بە قەد هەموو دنیای دەرەوەمان ئەندام‌و لایەنگری حیزب هەیە کە سەرمایەیەکی یەکجار گەورەیە. ئەمن زور "تقدیر"م هەیە بو ئەو کارانەی کە لەوی کراون‌و هەستی دلسوزی ئەو هاورییانەی کە لەوین. بەڵام لە هەمان کات‌دا دەکری زور لەوەش کە ئیستا هەیە پتر کار بکەن‌و پتر هەم شانازی بو حیزبەکەیان بخولقینن، هەم حیمایەت و پشتیوانی خەلکی دیکە بو حیزبەکەیان‌و مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەیان ڕاکیشن. ئەوە مەسەلەیەکە کە قەت نابی لیی غافل بین، چونکە ئیمە هەمیشە دەبی بەرەو پیش بڕوانین، بەڵام ئەگەر ئەوەی لی‌دەرچی دەتوانم بلیم ئەگەر لە جی‌یەکیش حەلقەیەکی زەعفمان هەبی، لە سەر یەك وەزعی حیزبی دیموکرات و تیکوشانی حیزبی دیموکرات لە دونیای دەرەوە لە ئەحزابی کوردستانی‌و ئیرانی بە لیکدانەوەی هەموو ئەو شتانە کە تەئسیر لە سەر خەباتی ئیمە و هەلسووکەوتی ئیمە دادەنین، لە هیچ حیزبیکی سیاسیی ئیرانی یا لە هیچ حیزبیکی سیاسیی کوردستانی کەمتر نیە. تیکوشانیان باشە، خویان ناساندوە. مەسەلەی میللەتەکەمانیان ناساندوە، ئەمن پیم خوشە لەو فورسەتەدا جاریکی دیکە لە ڕیگای ڕوژنامەی کوردستانەوە سلاو و ماندوو نەبوونی‌و سپاس پیشکەشی هەموو ئەو هاورییانە بکەم کە لەوی مەسئولییەتیان گرتوتە ئەستو و لە بەرەو پیش بردنی کارو خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌دا نەقشیان هەبووە.

**کوردستان: بەڕیز ماموستا چ پەیامیکتان بو خەلکی ئیران‌و کوردستان‌و تیکوشەرانی دیموکرات هەیە؟**

**ماموستا عەبدوللا حەسەن‌زادە:** دەبی ئیمە پەیام لە خەلك وەربگرین. ئەگەر دروست بی کە من پەیام بنیرم، پەیامی من بو هەموو خەلکی کوردستان بە گشتی‌و بە تایبەتی بو تیکوشەرانی دیموکرات ئەوەیە کە ئیمە بە هیواو گەش بینی‌یەوە تەماشای داهاتووی وڵاتی خومان دەکەین ـ کە هەر دەبی واشی تەماشا بکەین ـ تەنیا ئیمە نین کە دەلیین کوردستان بەشیکی موهیم‌و ئەساسی‌یە لە خەباتی دژی دیکتاتوری‌و ئازادیخوازانەی سەرانسەری ئیرانی‌دا. لە کوردستانیش‌و تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش خەلکەکە چاوی هیوا دەبڕیتە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران. دەبی بە هەموومان هەول بدەین ئەو متمانەیە کە خەلکی ئیرانی بە خەلکی کوردستانیان هەیە، ئەو متمانەیە هەر بپاریزین‌و بە هیزی بکەین. لە سەر ئەندامانی حیزبی دیموکراتە چ لە نیو خوی وڵات‌و چ لەو شوینەی کە ئیمە ئیستا دانیشتووین‌و چ لە وڵاتانی دەرەوە هەول بدەین هەمیشە شیاوی ئەو "اطمینان"، "اعتماد" و "باوەڕ"ە بین کە میللەتی کورد لە کوردستانی ئیرانی پیمان دەکاو ئەو هیوایە کە خەلك بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەیە، قەت خوانەخواستە بە فیڕوی نەدەین، وای لی‌نەیە کە خەلك لە فیداکاریی حیزبی دیموکرات‌و لە توانای حیزبی دیموکراتی کوردستان نائومید بن. سەرکەتنی هەموو لایەکیان بە ئاوات دەخوازم‌و ئەمن بەش بە حالی خوم زور بە هیواوە چاو لە داهاتوو دەکەم، داهاتو پیم‌وابی ئی حیزبی دیموکرات‌و میللەتی کوردو هەموو خەلکی ئیرانی‌یە، نەك ئی جمهووریی ئیسلامی.

# تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات

**ئۆستراليا**

## دیداری هەیئەتیکی کومیتەی حیزب لەگەڵ وەزیری شاروەندی ئۆسترالیادا

ڕۆژی ٢٨ی نوامبری ٢٠٠٢ی زایینی هەیئەتیکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئۆسترالیا، پیکهاتوو لە هاورییان قادر عەبدی، سەلاح پوور ئەسەدو مەسعوود پیران سەردانی وەزارەتی هاووڵاتیتی‌و فرە نەتەوەیی ئەو وڵاتەیان کردو چاویان بە بەڕیز "گاری هارد گریڤ" وەزیری هاو وڵاتیتی ئۆسترالیا کەوت.

هاورییانی حیزبی لەو دانیشتنەدا باسیان لە بارودۆخی ئیران‌و کوردستان، وەرێ کەوتنی شەپۆلی ئیعترازی خەلك‌و خۆپیشاندانەکانی خویندکاران‌و هەروەها دریژەی زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی کردو سەبارەت بە کارنامەی تیرۆریزمی ڕیژیمی ئیسلامی ئیران کۆمەلیك بەلگەنامەو زانیارییان پیشکەش بە بەڕیز "هارد گریڤ" کرد.

ئاغای "گاری هارد گریڤ" ویڕای دەربرینی داخ‌و کەسەری خۆی سەبارەت بە ئیعدامی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌و سەرکوتی خویندکاران، بەلینی دا زانیاری‌یەکان بگەیەنیتە وەزارەتی دەرەوەی ئۆسترالیا. ناوبراو هەروەها پشتیوانیی خۆی لە خەباتی مافخوازانەو ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بە ڕیبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دووپات کردەوە.

## بەریوەچونی ریورەسمی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری میلبۆرن دا

ڕۆژی شەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١٢/١٤ کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە شاری میلبۆرنی ئوستراليا ریورەسمیك بۆ ریزلینان لە ڕۆژی ٢٦ی‌سەرماوەز، ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بنەماڵە بەریزەکانیان لە یەکیك لە سالۆنەکانی شاری میلبۆرن دا بەریوەبرد.

ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی"ئەی ڕەقیب" و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریز لینان لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب وگەل دەستی پی کرد. پاشان هاوری سەدیقی ئوستاد ئیبراهیمی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری میلبۆرن بەم بۆنەوە وتەیەکی پیشکەش کرد. لە بەشیکی تری ریورەسمەکەدا پەیامی هاوری کاك قادر عەبدی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئوستراليا خویندرایەوە.

بەشی زۆری ریورەسمەکە بۆ پیشکەش کردنی سروود و گۆرانی تەرخان کرابوو. ریورەسمەکە لە نیو شادی و هەلپەرکیی بەشداران دا تا کاتژمیر١٢ی شەو دریژەی کیشا.

**سەردەشت**

## کوژرانی ژمارەیەك لە خەلکی ناوچەی سەردەشت بە هۆی وەرگەرانی ماشین

ڕۆژی ١٨ی سەرماوەزی ٨١ی هەتاوی، ریگای نیوان سەردەشت ـ پیرانشار دیمەنیکی دڵتەزینی بە خۆوە بینی. لە ئاکامی وەرگەرانی مینی‌بووسیکی مسافیرهەلگر لە نزیك گوندی "میرئاوێ"ی سەردەشتدا ١٢ کەس لە مسافیرەکانی ئەو مینی‌بووسە گیانیان لەدەست دا. زۆربەی قوربانی‌یەکانی ئەو ڕووداوە خەلکی گوندی "بیژوێ"ی سەردەشتن. "کوردستان" ویڕای دەربرینی خەم‌و پەژارەی خۆی لەو ڕووداوە دڵتەزینە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری قوربانییانی ئەو ڕووداوە دەکا.

# دەقی قسەکانی هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕیورەسمی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز دا



**بەڕێزان ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبە تێکۆشەرەکەمان!**
**کادرو پێشمەرگە قارەمانەکان!**
**خۆشك و برایانی خۆشەویست!**

ئەورۆ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان مناسبەتێکی پیرۆزە بۆ یاد کردنەوەو بەرز نرخاندنی پێشمەرگە، ڕۆڵە گیان لە سەر دەستەکانی ڕێگای ئازادیی گەل.

بێ گومان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەکی بندەست تێکۆشان و فیداکاریی هەموو چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە پێویستە، بەو مانایە کە هەر کام لە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بە گوێرەی هەل و مەرج و وەزعیەتی ژیانی خۆی و بنەماڵەی، ڕادەی تێگەیشتوویی و زیاتر لەوانەش بەهێز بوونی هەستی نەتەوایەتی و ناسیاریی لە سەر مافەکانی خۆی، ئەرکی سەرشانیەتی کە بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی تێبکۆشێ. لە نێو هەموو ئەو گەلانەی کە دوای فیداکاری و بەربەرەکانییەکی توندوتیژ توانیویانە سێبەری ڕەشی زۆرداریی لە سەر خۆیان لابەرن و بە نیعمەتی ئازادی شاد بن، ژمارەیەك یان بەشێك لەو خەڵکە لە ڕیزی فیداکارترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بوونە کە نێویان چۆتە ناو مێژووی ئەو نەتەوەیە و لە بیر ناچنەوە.

گەلی کوردیش یەکێك لەو گەلانەیە کە هەرچەند دوای ماوەی نیزیك بە سەدەیەك تێکۆشان هێشتا ڕزگاریی نەبووەو تا ئێستاش لە ژێر دەستی دا دەژی، بەڵام لەو ماوەدا فیداکاریی و لە خۆبووردوویی زۆری لە خۆی نواندووەو، لە خۆ بووردووترین و فیداکارترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان لە سەر دانرا هەمیشە وەك خۆشەویست ترین و بەرزترین ناو لە نێو دڵی خەڵکی خۆیان دا جێیان کردۆتەوە. پێشمەرگە لە نێو گەلی کورددا ڕەمزی بەرزترین پلەی فیداکاری، دڵپاکی و ڕزگاریدەرییەو، ئەو پلەشی بە درێژایی ماوەی ژێر دەستەیی گەلی کورد و بەربەرەکانییەکەی بۆ ڕزگاری بە دەست هێناوە. هەر ئەوەش کە لە هەر دەورەیەك لە بەربەرەکانی دا ژمارەیەکی زۆر لەو ڕۆڵە قارەمانانە گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی لە ڕێی ڕزگاریی نەتەوەکەیان، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان بە بێ هیچ چاوەڕوانییەك و تەنیا بە عیشقی وڵات و نەتەوەکەیان ئامادە بوون ئەو مەرگەی کە پێویست بووە بە پێشوازی مەرگەوە بچن، ئەویش نەك لە بەر ئەوەی مردنیان پێ خۆش بووە، بەڵکوو ئەوان ئەوینداری ژیانێکی سەربەخۆو دوور لە زوڵم و ژێر چەپۆکی بوون و زیاتر لە خەڵکی دیکەش دڵیان بۆ ئەو چەشنە ژیانە لێی داوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ژیانە خۆش و سەربەرزانەیە بۆ ڕۆڵەکانیان و بۆ نەسڵەکانی داهاتوو دابین بکەن باوەشیان بۆ مەرگ کردۆتەوە.

ئەو ڕووحیاتە بەرزە ئەخلاقی و فیداکاریەی پێشمەرگە لە فەرهەنگ و ژیانی ڕۆژانەی هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر و تینووی ئازادی دا ڕەنگی داوەتەوە. بە دەیان سروود و ئاهەنگ بۆ ڕێز گرتن لە پێشمەرگە ئامادە کراوە، بە سەدان و هەزاران منداڵی کورد ناوی پێشمەرگە قارەمان و خۆشەویستە شەهیدەکانیان لە سەر دانراوە و، لە زۆر مناسبات دا بە پێی هەلومەرج بە ئاشکرا یان بە نهێنی حورمەت لە پێشمەرگە دەگیرێ و فیداکارییەکانیان بەرز دەنرخێنرێ. حیزبی دێموکراتیش بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کردوە. مێژووی ئەو ڕۆژەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ دا لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هێرشیان بردە سەر بنکەی شارەبانیو ئەو شوێنەیان گرت و، بەم چەشنە ئاخرین نیشانەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی پاشایەتی لەو شارە پاك بۆوە و خەڵك بوون بە خاوەنی چارەنووسی خۆیان. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات ڕۆژێکی تایبەتی بۆ یادی پێشمەرگە دیاری کردوە بەو مانایە نیە کە خەڵکی کوردستان تەنیا لەو ڕۆژەدا بیر لە ڕۆڵە شۆڕشگێڕو قارەمانەکانیان دەکەنەوە، بەڵکوو هەموو ڕۆژێکی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگەیە، لە بەر ئەوەی لە هیچ ڕۆژێك لە ساڵ دا نیە کە پێشمەرگەی تێدا شەهید نەبووبێ. هەر ئێستاش هەزاران پێشمەرگە ئامادەی فیداکاریی لە ڕێگای ئازادی گەلەکەیاندان و بێگومان تا وەدی هاتنی ئامانجە بەرزەکانیان کە ڕزگاری نیشتمان لە ژێر دەستی و ملهوری دایە، کۆڵ نادەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شان بە شانی هەموو خەڵکی ئەمەگناس و پێشمەرگە پەروەری کوردستان هەموو کاتێك بە تایبەت لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا یادی فیداکاری و لە خۆبووردوویی هەموو پێشمەرگەکان دەکاتەوە. ئەورۆش ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، بەو بۆنەوە لێرە کۆبووینەتەوە.

بۆیە ئیزن دەخوازم لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبە تێکۆشەرەکەمان و هەمووی ئێوە بەڕێزان بەشدارانی ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان پیرۆزبایی و ڕێزو ئەمەگناسی خۆمان پێشکەش بە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، بە تایبەت پێشمەرگە قارەمان و لەخۆبوردووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەم.

لەو نێوەدا پێشمەرگە شەهیدەکانمان لەو ڕۆژی جێژنەدا جێگایان دیارە بەڵام ئەوان لە دڵی یەك یەکی ئێمەو هەموو خەڵکی کوردستان دا جێیان کردۆتەوە، شەمعی وجوودیان ڕووناك کەرەوەی ڕێگاکەیانە کە بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە، یادیان و ڕێگایان بۆ ئێمە عەزیزە، ڕووحیان شادو ناویان هەر بەرزتر بێ.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

لەم سەرو بەندەدا کە خەباتی سیاسی و بەتایبەت چەکداریی ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد لە هەموو لایەکەوە خەریکە بە ئاکام دەگاو ناوی بەرزی پێشمەرگە لە گۆشەی دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا جێی کردۆتەوە و بۆتە هیوای گەل، دەبیسری کە گوایا جوولانەوەی چەکداریی هێزە سیاسییەکانی کورد و یەك لەوان حیزبی دێموکرات بۆتە هۆی دواکەوتوویی ناوچە کوردنشینەکان. ئەگەر لە سەرەتاوە جوڵانەوەی چەکداری لە کوردستان نەبوایە و، وەك بەشەکانی دیکەی ئێران کوردستانیش لە بەرامبەر هێزە تالانکەرو خوێنخۆرەکانی ڕێژیم بە چۆكدا هاتبایە، ئەو توندو تیژی و ستەم و ملهوڕییە لە کوردستان بەڕێوە نەدەچوو؛ کۆماری ئیسلامی وڵاتی ئاوەدان دەکردەوە، خەڵك بە تایبەتی ڕۆشنبیرانی کورد سەربەخۆیی زیاتریان دەبوو، ئاستی ژیانی دانیشتووانی کوردستان بەرز دەبۆوە و . . . بە کورتی حەرەکەتی پێشمەرگە و جووڵانەوەی چەکداریی بە هۆی سەرەکی دواکەوتوویی کوردستان و زەبرو زەنگی ڕێژیم لە سەر خەڵکی کوردستان دەزانن.

ئەو چەشنە بانگەشەیە لەمێژە ڕێژیم پەرەی پێ دەدا و بۆ ئەوەی لە نێو گەلی کورد دا خۆی وەك ڕێژیمێکی عادل نیشان بدا، هۆی دواکەوتوویی کوردستانی خستۆتە سەر نائەمن بوونی ناوچەکە لە لایەن " ضد انقلاب"! و، هەموو داخوازێکی کوردەکان پێوەندیی دەداتەوە بە وان. دیارە هیچ کەس بە تایبەت خەڵکی وشیارو وردبینی کوردستان کە بە باشی چۆنیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژایەتی ئەو ڕێژیمەیان لەگەڵ گەلی کورد ناسیوە باوەڕیان بەو قسە پڕوپوچانەی دەسەڵاتداران نەکردووەو، ئەوەندەی ئەوان دژی پێشمەرگە ـ بە قسەی ڕێژیم ضد انقلاب ـ پڕوپاگەندەیان کردووە، هەر بەو ئەندازەیەش ڕادەی خۆشەویستیی پێشمەرگە لە دەروونی خەڵك دا زیادی کردووە.

پێش هەموو شتێك دەبێ هەموو لایەك ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە خەباتی چەکداری سەرەڕای ئەوەی کە قوربانیی زۆری لە گەلی کورد وەرگرتووە، زیاتر لە هەموو چەشنە خەباتێکی دیکە بۆتە هۆی زیندوو کردنەوەو، بەرز ڕاگرتنی هەستی نەتەوایەتی. شەهید بوونی پێشمەرگەیەك لە شەڕێکی چەکداری دا، ڕووخاندن و سووتاندنی گوندێك بە دەستی دوژمن، کوژرانی چەکدارێکی دوژمن بە دەستی پێشمەرگەو هەموو ئێش و ئازارەکانی ئەو چەشنە خەباتە وەك "شۆك" ێك خەڵکی کوردی ڕاپەڕاندو ئەوانی هاندا بە شێوەیەکی جیددی تر بە شوێن ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دا بگەڕێن: بۆچی دەمانکوژن؟ بۆچی زەوی و زارمان دەسووتێنن؟ بۆچی تێکۆشەرانمان دەخزێننە کونجی زیندانەکان؟ بۆچی ڕەزو باغمان دەسووتێنن؟ بۆچی وڵاتەکەمان لە پاشکەوتوویی دا ڕادەگرن؟ بۆ ئیزن نادەن بۆ خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە بەرین؟ وە دەیان بۆچیی دیکە لە مێشکی کوردی ستەم لێکرا دا دەخولقێ.

وەڵامی ئەو پرسیارانەش کە پرسیار کەر پێی دەگا، ئەوەیە کە : چونکە ئێمە کوردین.

به شێوەی سروشتی لە دەروونی هەر کەسێکی باڵغ دا هەستێکی نەتەوایەتی بەدی دەکرێ. لە هەر کەس پرسیار بکەی خۆی سەر بە نەتەوەیەك دەزانێ و نەتەوەی خۆی خۆش دەوێ. نەتەوەیەك کە لە ژێر ستەم دابێ هەستی نەتەوایەتییەکەی بەهێزترە و، بەرگری چەکدارانە وەك بایەکە کە خۆڵەمێشی سەر ژیلەمۆی ئەو هەستە لا دەداو ئاورەکە دەگەشێنێتەوە. بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد کە حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو شێوەیەك لە پیلان دا بوون تاکو بە وێران کردنی گوند و شارەکانیان، ئاوارەو دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی و بڵاوکردنەوەیان لە نێو نەتەوەکانی دیکەی وڵاتدا و تواندنەوەیان، سووکایەتی بە زمان و کولتوورو داب‌ونەریت و بڕوا ئایینییەکانیان، بە



حاشا کردن لە بوونیان و زیندانی کردنی خەباتکارو ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕەکانیان و زۆر پیلانی دیکەش، تێکۆشاون ناسنامە نەتەوەیییەکەی بسڕنەوە، بەرگری چەکدارانە بەهێزترین بەرگری بووە لە بەرانبەر ئەو پیلانانەی دوژمنانی گەلی کورد، بۆ ئەوەی نەك هەر هەستی نەتەوایەتییەکەی لاواز نەبێ بەڵکوو ئەو هەستەی لە مێشکی تاکەکانی کورد بەهێز کردووە و بۆتە هۆی ئەوەی بەربەرەکانی لە بەرانبەر دوژمن دا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە بستێنێ.

چاوێك بە وڵاتی خۆمان ئێران دا بخشێنین کە وڵاتێکی فرە نەتەوەیییە و دەسەڵاتی ناوەندی ـ کە ئێستا کۆماری ئیسلامییە ـ لە سەرەتاوە پیلانی گێڕاوە بۆ سڕینەوە یان لاواز کردنی هەستی نەتەوایەتی. نەتەوەکانی عەرەب، بەلووچ، تورکمان و . . . هەرکام لە داوا نەتەوایەتییەکانیان هێنایە گوڕێ، بەڵام ڕێژیم هەر لە هێرشەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاریدا سەرکوت و بیدەنگی کردن و ئەوانیش بە هەر هۆیەك بی شەری چەکدارییان دژی ڕیژیم درێژە نەدا. ئایا ئێستا ئەوان مافیان لە گەلی کورد زیاتر دەست کەوتووە؟ وڵاتەکەیان زۆرتر ئاوەدان کراوەتەوە؟ کارخانە و کارگای زۆری تێدا دانراوە؟ بێ‌گومان جوابی هەموو ئەو پرسیارانە مەنفییە. بەڵام لە کوردستان بە پیچەوانە بوو، لە بەرانبەر هیرشی ریژیم دا بەربەرەکانیی چەکداری دەستی پی کرد و هەستی نەتەوایەتی خەلکی بووژاندەوەو لە ئاکام دا بەربەرەکانیی چەکداری دریژەی کیشاو هەستی نەتەوایەتی خەلك بەرز بۆوە. جیاوازی ئیستای کوردستان لەگەل باقی شوینەکانی ئیران ئەوەیە کە گەلی کورد سیاسی ترە، مافە رەواکانی خۆی باشتر دەناسی و خەباتی بۆ دەکا، حیزبی سیاسیی پیشرەوی خۆی هەیە و لە هەر ئاڵوگۆڕیکی داهاتوو کە لە ئیران دا بیتە پیش حیسابی بۆ دەکری.

ئەوانەی زۆر روالەتی بیر دەکەنەوە دەلین ئەوە نیە لەوەتی خەباتی چەکداریی لە کوردستانی ئیران دا رووی لە کزی داوە رۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کودی دەردەچی، کۆرو کۆمەلی فەرهەنگی دادەمەزری، رووناکبیران و نووسەران راشکاوانەتر بۆچوونی خۆیان دەردەبرن، کتیب بە زمانی کوردی هەیە و ریژیم ئیزن دەدا ئەو هەنگاوانە باویژرین؟ وڵامی ئیمە لەو بارەوە ئەوەیە کە؛ ئەو ئالوگۆرە کەم و سەرەتاییيانە لە بەر ئەوە پیك نەهاتوون کە ریژیم دیموکرات بووە و مافی فەرهەنگی بە گەلی کورد دەدا چونکە باوەری پییەتی، یان لە بەر ئەوەیە کە خەباتی چەکداری لاواز بووە بۆیە ئەو مافە دەدری بە گەلی کورد، بەلکوو هەمووی ئەو دەسکەوتانە دەسکەوتی خەباتیکی سیاسی و چەکداریی خویناوییە کە بە هەزاران رۆلەی گەلی کورد تییدا گیانی خۆیان بەخت کردووە. خەباتی چەکداریش لە لایەن گەلی کوردەوە رەد نەکراوەتەوە و ئەگەر بیتوو ریژیم لەو بارەوە خەیالی ئاسوودە بی هەموو ئەو دەسکەوتانە وەردەگریتەوەو زۆر بی بەزەییانەتر لەوەی کە تا ئیستا کردوویەتی لەگەل خەلکی کورد بە تایبەت رووناکبیرو لاوەکان دەجوولیتەوە. ئیستا ئەگەر ریژیم شتیکی تیدا دیلیتەوە و، زەختی زیاتر لەوە ناخاتە سەر رووناکبیران و لاوانی کورد و دەلاقەیەکی بچووکیان بۆ دەکاتەوە، لە بەر ئەوەیە کە با ئەو خەلکە لەوە زیاتر پال نەدەن بەو هیزە سیاسییە بەرهەلستکارەیانەی ریژیم لە کوردستاندا.

با چەند نموونەی دیکە بینینەوە:

حیزبی توودە لە سەرەتای شۆرش دا، کۆماری ئیسلامیی بە ریژیمیکی دژی ئیمپریالیست دەناسی و لەو باوەرەدا بوو کە دەبی بە هەموو توانایەوە لە خزمەتی سەقامگیر بوون و بەهیز کردنی دابی و، تەنانەت بیجگە لەوە بە مەبەستی خزمەت کردنی زیاتری ریژیم ئەوەندەی بۆی کرا دەستی خستە نیو ئەو ریکخراوانەی کە ئەو دەم بریاری بەربەرەکانی دژی ریژیمیان هەبوو و بە شیوەی چەکداری و سیاسی لە بەرانبەری دا راوەستابوون. بەلام ئاکامەکەی ئەوە بوو ئەوانیش کەوتنە ژیر هیرشی توندو تیژی ریژیمی دژی ئیمپریالیستی! و هەر ئابرووی بۆ نەهیشتنەوە.

داریوش فرووهەر و خیزانی، دەیان نووسەرو رووناکبیر کە هەموو رۆژی گوی بیستی شرت و گوم کردن، کوشتن و زیندانی کردنیان دەبووین، دوکتور شاپوور بەختیار، فەرەیدوون فەرخزاد و. . . کە تەنانەت لە دەرەوەی ولاتیش روحمیان پی نەکردن و کوشتیانن شەری چەکدارییان لە گەل ریژیم دەکرد؟ لەوەش زیاتر خۆ کەسانی وەك عەبدوللا نووری، یووسفی ئەشکەوەری، سەعید حەججاریان و دەیان کەس لە میللی مەزهەبییەکان کە خستیاننە گۆشەی زیندانەکان و هەرچی بی حورمەتییە پییان کردن، نەك هەر شەری چەکدارییان دژی ریژیم نەکردبوو بگرە بە پیچەوانە شەری چەکدارییان بۆ ریژیم کردبوو." آیت الله منتظری" یارو جیگری خومەینی خۆ لە دامەزرینەرانی کۆماری ئیسلامی بوو و ئیستاش وەك باوەرو ئیدئۆلۆژی بەرگری لە حکوومەتەکە دەکا، ئیستا لە چ حال دایە؟

با باسی ئەوەش نەکەین کە لە واقیعدا، پیشمەرگە لە کوێ شەری کردوە، ئایا پیشمەرگەکانی کوردستان لە شارەکانی قومو قەزوینو تاران، هیرشیان کردۆتە سەر، یا هیزەکانی داپلۆسەری ریژیم لە سەر خاکی خۆیانو لە مالی خۆیاندا، هیرشیان کردۆتە سەر کوردستانو پیشمەرگە بۆ دیفاع لە مافیو لە مەوجوودییەتی خۆی دەستی داوەتە چەكو بەربەرەکانی کردوە. شەری چەکداری بە سەر پیشمەرگەو هیزە سیاسییەکانی کوردستاندا سەپاوە، هیزەکانی کوردستانو لە نیو ئەواندا، حیزبی دیموکرات زیاتر لەوانیش هەر لە سەرەتاوە هەولیکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی کە گیروگرفتەکانی کوردستان لە ریگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێ. بەلام ولامی کۆماری ئیسلامی لە هەمووی ئەو رەوتەدا سەرکووت کردنو سووتاندنی گوندەکانو کوشتنی خەلکی بیدیفاع بوو. شەهید بوونی گەورە پیاوی کوردو سکرتیری خۆشەویستی حیزبەکەمان، بەریز دوکتور قاسملوو هاوریيانی گەورەترین شاهیدی ئاشتیخوازیو "صلح طلبی" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوو.

میژووی جوولانەوەکانی چەکداریی کوردستان ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا کە وشیاری نەتەوەیی زیاتر لە هەموو شیوە خەباتیك بە خەباتی چەکداری پیك هاتووە، تەنانەت ئەگەر بە دیقەت سرنجیکی کوردستانی ئیران بدەین دەبینین لەو شوینانەی کە خەباتی چەکداری دریژخایەن تر بووە هەستی نەتەوایەتی بەهیزترە. لە حالیکدا رەنگە ئاستی خویندەواری ئەو شوینانە بە پیچەوانە بن. هەر بۆیەشە دوژمنانی کورد ئەوەندەی بە خەباتی چەکداری قەلسن و بە دایم بۆ تیك شکاندنی لە پیلان دان.

لیرەدا مەبەستمان ئەوە نیە کە بە زەق کردنەوەی خەباتی چەکداری، شیوەکانی دیکەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ئیران کەم رەنگ بکەینەوە، بەلکو ئیمە لەوباوەرە داین لە کاتیکدا کە کۆماری ئیسلامیو دوژمنانی گەلی کورد بە هەموو شیوەیەكو بە هەموو چەکیك بۆ سەرکووت کردنی مافە رەواکانی گەلی کورد، هاتوونەتە مەیدانو لە بەینی دەبن، حەق نیە گەلی کورد شیوە خەباتەکەی خۆی "محدود" بکاتەوە بە چەند شیوە خەبات کە زۆرتر دوژمنان تەبلیغاتی بۆ دەکەن. بەلکو لە هەر مەرحەلەیەکدا هەر نەوعە خەباتیك کە بتوانی باشتر "کارآیی" هەبیو دەبی کەلکی لی وەرگیردریو هیزەکانی کوردی نابی لەو بارەوە دەستی خۆیان ببەستن. خەباتی سیاسی، تەشکیلاتی، دیپلۆماسی، فەرهەنگیو هونەریو زۆر شیوەی دیکە، لە ریزی ئەو شیوە خەباتەنەدان کە گەلی کورد دەبی پشتی پیببەستی ـ یەکیك لەو شیوە خەباتانەو بەهیزترین شیوە خەباتی چەکداریو پیشمەرگایەتییە.

**شیوەکانی دیکەی خەبات**

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو زانیاری و ئەزموونانەی کە لە ماوەی تەمەنی ئەو ریژیمە لە بەر دەست دایە و هەمووشی روون و ئاشکرایە، ئەوبۆچوونانەی کە تاوانی دواکەوتوویی کوردستان و زەبرو زەنگی ریژیم دەرهەق بە رۆلە بە ئاگا ←

# بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، دەقێكی مێژوویی‌و رێنشاندەر

## بەبۆنەی ١٨ی دیسامبر سالرۆژی دەرچوونی بەیاننامەی جهانیی مافی مرۆڤەوە

م. رەوانپاك

### مافی مرۆڤ ئاواتیكی لەمێژینەی پیرۆز،

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە هەوڵ‌و تیكۆشانی مرۆڤەكان بۆ دەست نیشانكردن، بە رەسمی ناسین‌و رەچاو كران‌و پاریزرانی ماف‌و ئازادی‌یەكانیان. كاكڵە‌و نیوەرۆكی ئەو ماف‌و ئازادی‌یانەش ـ لەگەڵ هەموو ئەو هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەدا كە لە دریژایی مێژووی مرۆڤایەتی‌دا، لە بارەیانەوە هەبووە ـ دەكرێ لەم چەند رستەیەدا كورت بكەینەوە: هەموو مرۆڤەكان بە ئازادی لە دایك دەبن‌و لە باری ئابرووو كەرامەت‌و مافەكانیانەوە، لەگەڵ یەك بەرامبەرن‌و هیچ هێزیك بۆی نیە لەم ماف‌و ئازادییانە بێ بەشیان بكا.

ئەم مافانەی لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون‌و لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی ریكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە ددانیان پیدا نراوە‌و بەرەسمی ناسراون، لەراستی‌دا بەرهەمی دەیان‌و سەدان ساڵ هەوڵ‌و تیكۆشانی مرۆڤایەتی بەگشتی‌و بە تایبەتی بیرمەندان، فیلسوفان، كۆمەلناسان، حوقووقزانان، دەولەتمەردان لە بواری گەڵاڵەكردن‌و پیناسەكردنی ماف‌و ئازادی‌یەكانی مرۆڤ دان. وەك نموونەیەك لەو هەوڵانە دەتوانین هێندیك دەقی بەناو بانگ لە بەستینی مافەكانی مرۆڤدا ناو بەرین كە لە رەوتی گەڵاڵە بوون‌و جیگیربوونی ئەو مافانەدا كە ئەمرۆ نیوەرۆكی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیان پیك هیناوە، جیگای خۆیان هەیە. "مەنشووری مەزن"(Magna Carta) (١٢١٥)، داواكردنی مافەكان (١٦٢٨)و مەنشووری مافەكان (١٦٨٩) لە ئینگلستان، لە سەدەی هەژدەهەمیشدا بۆ یەكەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا مافە سروشتی‌یەكان (ریوشوینی هاوبەش‌و وەك یەك بۆ هەموو هاونیشتمانان) وەك مافێكی قانوونی بە رەسمی ناسراو بوو بە بەشێكی بناغەیی لە قانوونی بنەڕەتیی زۆر لە ولاتان. ئەمە هەولێكی گرنگ بوو لە پێناوی دیاریكردن‌و جێگیركردنی پێوەندیی دوو لایەنەی تاك‌و دەوڵەت، بە گوێرەی رێككەوتن‌و لە سەر بناغەی رەزامەندیی دلخوازانەی تاك.

بەڵام لەم دەقانەش كامڵترو گرنگتر دەبێ بەیاننامەی فەرانسەیی "مافەكانی مرۆڤ‌و هاونیشتمانان" (١٧٨٩)و مەنشووری مافە ئینسانی‌یەكانی هاونیشتمانانی ئەمریكایی (١٧٩١)، ناو بەرین كە ئەندیشە‌و مەغزای بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ تا ڕادەیەكی زۆر لەوانەوە وەرگیراوە.

هەر كام لەم دەقانەی ناویان برا، لەگەڵ ئەوەش‌دا بەشێك لە ماف‌و ئازادی‌یەكانی مرۆڤیان تێدا گونجاوە، بەڵام لە سنوورێكی جوغرافیایی دیاریكراودا ئیعتباریان هەبووە‌و مرۆڤەكانی دەرەوەی سنووری ئەم مەنشوورو بەیاننامانە لەو مافانە بێبەش ماونەوە. هەر ئەو راستی‌یەش وای كردوە مرۆڤ لەو كاتەوە كە مافەكانی خۆی ناسیوە‌و شاهیدی وەدیهاتنی ئەوان لە بەشێكی تۆپی زەوی‌دا بووە، ئارەزوو بكا كە بەرەسمی ناسران‌و وەربەر چاو گیرانی مافەكانی، هەموو دانیشتووانی سەرتۆپی زەوی بگرێتەوە. پێ بە پێی رەوتی مێژوو ئەو خەون‌و ئاواتە لە هەقیقەت‌و وەراست گەڕان، نزیك بۆتەوە. رێككەوتنی وێستفالی (١٨٤٨)و رێككەوتننامەی هەڵوەشانەوەی كۆیلەیی (١٨١٥ی ڤییەن) وەك یەكەم هەنگاوەكان لە بواری نێونەتەوەیی‌كردنی پاراستنی مافەكانی مرۆڤدا دەژمێردرێن. لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمیش‌دا كۆمەڵێك رێككەوتننامەی دیكە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی كۆیلەیی ئیمزا كران، بۆ وێنە رێكەوتننامەی واشنگتون (١٨٦٢) بەڵگەنامەكانی كۆنفراسەكانی برۆكسێل (١٨٦٧و ١٨٩٠) و بێرلین (١٨٨٥). مەیدانێكی دیكەی هاوكاریی نێونەتەوەیی، دانانی یاسای تایبەت بە شەڕ بوو: بەیاننامەی پاریس (١٨٥٦)، یەكەمین‌و دووهەمین پەیماننامەی ژنێڤ (١٨٦٤و ١٩٠٦)، بەڵێننامەكانی لاهەو ١٩٠٧، پێكهێنانی كومیتەی نێونەتەوەیی خاچی‌سوور (١٨٦٤)

بەدوای شەڕی یەكەمی جیهانی‌دا ئەم بیرە رۆژ بە رۆژ پتر پەرەی گرت كە حكوومەتەكان بە تەنیایی‌و بەبێ بوونی ناوەندێكی نێونەتەوەیی، ناتوانن لە پارێزگاری لە مافەكانی مرۆڤدا كە پێویستیان بە دەستە بەرە نێونەتەوەیی‌یەكان هەیە، سەركەوتوو بن. "كۆمەڵەی میللەتان" (جامعە ملل) كە یەكەم رێكخراوی نێونەتەوەیی جیهان بوو، بەرهەمی ئەو پێویستی‌یە بوو. دیارە لە شیكردنەوەی ئەركەكانی ئەم كۆمەڵەیەدا ئیشارەیەك بە مافی مرۆڤ نەكرابوو. بەو حاڵەش "كۆمەڵەی میللەتان" هەوڵی دا بە كەڵك وەرگرتن لە ئامرازە نێونەتەوەیی‌یەكان ئەم مافانە بپارێزێ، بەڵام هەوڵەكانی زۆریان بڕ نەكردو لە چوارچێوی دیاریكردنی هێندێك مەرج بۆ پارێزگاری لە كەمایەتی‌یەكان لە چەند وڵاتدا مایەوە.

### بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بەرهەم‌و ئاكامی شەڕی دووهەمی جیهانی

**"شەڕی جیهانیی ئەم دوایانە (دووهەم)، لە بنەڕەتڕا شەڕی مافی مرۆڤ بووە كە لایەنگرانی روانینێكی رەگەزپەرستانەی سامناك ئەویان بەسەر گەلاندا سەپاندوە. شەڕێك كە بە درندەیی‌و وەحشیگەری‌یەكی بێوێنە‌و بەرنامە بۆ دانراوەوە، لە یەك كاتدا بەدژی مرۆڤ‌و كۆمەڵگەی ئینسانی بەریوە دەبرا."**

***

**"رنەكاسن" حوقووقزانی بەناوبانگی فەرانسەیی‌و وەرگری خەلاتی نوبیلی ئاشتی ١٩٦٨.**

شەری دووهەمی جیهانی نیشانی دا كە پیشیل‌كردنی بەربلاوی مافی مرۆڤ لە ئاستی نیوخۆیی‌دا، لەوانەیە تیكچوونی ئاشتیی نیونەتەوەیی بە دواوە بێ. بە دوای بەدبەختی‌و رۆژرەشی‌یەكانی ئەم شەرەدا بوو كە بەرەسمی ناسینی ئابرووو كەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی‌و مافی بەرامبەرو زەوت نەكراوی ئەوان، "وەك بناغەی ئازادی، عەدالەت‌و ئاشتی لە جیهاندا" ناسرا.

بەدوای شەری دووهەمی جیهانی‌دا، هیزە سەرەكی‌یەكانی هاوپەیمانان، قۆلیان لە ئامادەكردنی بناغەكانی ریكخراویكی گەورەی نیونەتەوەیی كە پاراستنی ئاشتی‌و یارمەتی بە پاریزگاری لە مافە بنەرەتی‌یەكانی مرۆڤ بكا بە ئەركی خۆی، هەلمالی. ئەوان لە پلەی یەكەم‌دا دەبوایە پاراستنی ئاشتی‌و ئەمنییەت بكەن بە تەوەری هەولەكانیان تا ـ بە گویرەی دەستەواژەكانی مەنشووری نەتەوە یەكگرتووەكان ـ "نەوەكانی داهاتوو لە بەلای شەر لە ئەماندا بن."

مەنشووری نەتەوە یەكگرتووەكان لە ٢٦ی ژووئەنی ١٩٤٥دا ئیمزا كرا. ئەم مەنشوورە جگە لە ئامانجی "دوور راگرتنی نەوەكانی داهاتوو لە بەلای شەر"، "راگەیاندنەوەی بڕواو ئیمان بە مافە بنەرەتی‌یەكانی مرۆڤ، حەیسییەت‌و كەرامەت‌و بایەخی ئینسان‌و بەرابەریی ژن‌و پیاوان"ی وەك ئامانجی سەرەكیی خۆی ناو بردبوو. ماددەی یەكی مەنشوور دەلێ: "یەكیك لە ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان گەیشتن بە هاوكاریی نیونەتەوەیی لە ریگای پەرەپیدان‌و هاندانی بەریوەچوونی مافەكانی مرۆڤ‌و ئازادی‌یە بنەرەتی‌یەكان بۆ هەموو مرۆڤەكان بێ وەبەرچاو گرتنی جیاوازی‌یە رەگەزی، جنسی، زمانی‌و ئایینی‌یەكانە."

دوای پیكهاتنی ریكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، لە ژووئەنی ١٩٤٦ەوە تا دیسامبری ١٩٤٨ لە چوارچیوەی ئەو ریكخراوەیەدا هەولیكی بەردەوام بۆ ئامادەكردنی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە گۆڕێدا بوو. لە فیوریەی ١٩٤٦دا شوورای ئابووری‌و كۆمەلایەتیی ریكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان "كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ"ی پیك هینا تا ئەم ئەركە بگریتە ئەستۆ. كەسایەتی‌یە ئەسلی‌یەكانی ئەو كۆمیسیۆنە بریتی‌بوون لە: ١ـ"ئیلینۆر رۆزویلت، هاوسەری فرانكلین رۆزویلت سەركۆماری پیشووی ئەمریكا، سەرۆكی كۆمیسیۆن ٢ـ پ. س چانگ (چینی كە پەروەردەی ئەمریكا بوو) جیگری بەرپرسی كۆمیسیۆن. ٣ـ چارلز مالك، (خەلكی لوبنان) كە نەخشی راپۆرتنووسی كۆمیسیۆنی هەبوو ٤ـ"رینێ كاسین" حوقووقزانی فەرانسەیی كە یەكەم پیش‌نووسی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤی نووسی٥ـ "جان. پ. هامفیری" بەریوەبەری بەشی مافی مرۆڤ لە كاروباری كۆمەلایەتی لە نیو دەبیرخانەی ریكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا. ویرای ئەو كەسایەتییانە چەندین ریكخراوی نادەولەتییش هەبوون كە لە ئامادەكردنی بەیاننامەكەدا نەخشی گرنگ‌و بەرچاویان هەبوو.

***

### باوەرهینان بە مافی مرۆڤ خەریكە دەبیتە فەرهەنگیكی جیهانی

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ كە لە پیشەكی‌یەك‌و ٣٠ ماددە پیك هاتوە، لەو ٥٤ سالەدا كە لە پەسند كرانی رابردوە، لەوە دەرچووە كە وەك بەلگەنامەیەكی نیونەتەوەیی سەیری بكرێ. ئەم بەیاننامەیە هەر لە میژ سالە بووە بە سەرچاوەیەكی موعتەبەر بۆ ئینسانەكان‌و كۆروكۆمەڵ‌و ناوەندو دەولەتان تا بە پشت بەستن بە نیوەرۆكەكەی، داوای وەدیهاتن‌و رەچاوكردنی ئەو ماف‌و ئازادی‌یانە بكەن كە مرۆڤ شیاوی ئەوان‌و ئەوان هەقی بێ ئەم‌لا‌و ئەولای مرۆڤن. ئەم بەیاننامەیە رینوین‌و نیشاندەری كۆمەلگەی مرۆڤایەتی‌یە لە دابین كردنی هەلومەرج‌و پیویستی‌یەكانی پاراستنی كەرامەت‌و ئابروو بایەخە بەرزەكانی مرۆڤدا.

بە تیپەرینی زیاتر لە نیوسەدە لە پەسندكرانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ئەو بریارنامەیە نەك هەر لە گرنگی‌و بایەخی كەم نەبۆتەوە، بەلكوو پتر لە هەموو كاتیك بووە بەو زمانە هاوبەش‌و ویژدانە بێخەوشە كە كۆمەلگەی مرۆڤایەتی تەنیاو تەنیا بە كەلك وەرگرتن لەوو بە پەرەپیدان‌و قوولكردنەوەی نیوەرۆكەكەی‌و رەچاو كردن‌و پاراستنی یەك بە یەكی ئەو مافانەی لەودا گونجاون، دەتوانێ بەرەو بەختیاری‌و ئاسوودەیی راستەقینە هەنگاو بنێ.

بەداخەوە تا ئیستاش بەشیكی زۆر لە دەولەتانی دنیا فیری قسەكردن بەو زمانە هاوبەشە‌و بەریوەبردنی كۆمەڵ‌و ولات لە سیبەری ئەو ویژدانە بێخەوشەدا نەبوون. هیشتا زۆر كۆمەڵ‌و ولاتی جیهان هەن كە لە بنەرەت‌دا وەدیهاتن‌و دابین بوونی ئەو مافانەیان بە ئەندامان‌و دانیشتووانی خۆیانەوە رەوا نەدیوە. هیشتا زۆر هیزو دەسەلات هەن كە بێ ترس لە هەرچەشنە لیپرسینەوە‌و فشارو سزایەكی نیونەتەوەیی، ماف‌و ئازادی‌یەكانی ئینسانەكان پیشیل‌و زەوت دەكەن. بەلام سەرەرای ئەو راستی‌یە تالانە، جیگای خوشحالی‌یە كە باوەر هینان بە مافی مرۆڤ‌و بەرپرسیاربوون لە بەرەسمی ناسینی نیوەرۆكی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ‌و رەچاوكردن‌و پاراستنی، بەدەر لە ویست‌و ئیرادەی دەولەتان‌و هیزو دەسەلاتە دژی ئینسانی‌یەكان، خەریكە دەبیتە فەرهەنگی باوی جیهانی ئەمرۆ. جیگیربوونی ئەو فەرهەنگە لە میشكی بە میلیارد مرۆڤی ئەمرۆدا، وای كردوە جوولانەوەیەكی بەرین بە پانایی تۆپی زەوی‌و بە بەشداریی بە میلیۆن كەسایەتیی مرۆڤدۆست‌و هەزاران بنیات‌و كۆمەلەو ریكخراوی پاریزگاری لە ماف‌و ئازادی‌یەكانی مرۆڤ، كۆمەلگای مرۆڤایەتی بەرەو ئەو ئاقارە بەرێ كە ئینسانەكان لە دریژایی میژوودا، ئاواتیان بووە. بیگومان ئەم جوولانەوەیە هەورازو لیژو كەندو كوسپ‌و تەنگ‌و چەلەمەی یەكجار زۆری دیكەشی لە پیشن. بەلام وەك دەبینین هەر رۆژەی لە ولات‌و ناوچەیەكی دنیا بەسەر دژومنانی ماف‌و ئازادی‌یەكانی مرۆڤدا سەردەكەوێ؛ دوژمنانیك كە لە سەنگەری ئایین‌و ئیدئولۆژیی جۆراوجۆرداو بە ناوو بیانووی فریودەرانەی وەك نەتەوە پەرستی، پاراستنی یەكیەتیی خاك‌و ولات‌و زۆر برو بیانووی سەیرو سەمەرەوە، شەری ئەو ماف‌و ئازادییانە دەكەن.

***

زۆربەی زانیاری‌یەكانی ئەم وتارە دەقاو دەق یا بە كورتكراوەیی لەم دوو كتیبە وەرگیراون:

١ـ "پرسش و پاسخ درباره حقوق بشر"، لیالوین، وەرگیران بۆ فارسی (لە فەرانسەیی‌یەوە) نەمر محەمەد جەعفەر پوویەندە

٢ـ "اعلامیە جهانی حقوق بشر و تاریخچە آن" گلین جانسون، وەرگیران بۆ فارسی (لە فەرانسەیی‌یەوە) شەهید محەمەد جەعفەر پوویەندە

☆☆☆



بە قەلەمی: پلانتۆ (كاریكاتیریستی فەرانسەیی


رینی كاسین‌و ئیلینور رۆزۆیلت

---

**درێژەی درێژەی قسەكانی هاوریی بەریز كاك مستەفا هیجری**

تیكۆشەرەكانی كورد دەخەنە ئەستۆی خەباتی چەكداری حیزبە سیاسی‌یەكانی كوردستان ناشارەزان و ریژیمی كۆماری ئیسلامی‌یان نەناسیوە.

رووناكبیرانی كورد لە كوردستانی ئیران ئەورۆ بەرپرسایەتی قورسیان لە سەر شانە، ئەوان دەبی تێبكۆشن خەلكی كورد بە مافەكانی خۆیان زیاتر شارەزا بكەن، هاندەریك بن بۆ پەرە پیدانی هەموو خەباتیكی دژی ریژیم لە پیناو وەدەست هینانی مافەكانی گەلی كورد بە خەباتی چەكداریشەوە. ئەوان دەبی بزانن كە كۆماری ئیسلامیی ئیران وەك حكوومەتە دیموكراتیكەكانی ئورووپایی نیە كە لە خزمەتی خەلك دا بی و لە سەر ویستی خەلك لە دەسەلات بكشیتەوە. كۆماری ئیسلامیی ئیران ریژیمیكە تەنیا كاتیك دەتوانی لانی كەمی ویستەكانی گەلی بە سەردا بسەپینی كە هیز بی. كەوابوو گەلی كوردیش بۆ ئەوەی بتوانی مافی رەوای خۆی دەسكەوی دەبی هیز بی، هیز بە واتای رووناكبیری، دیپلۆماسی ، تەشكیلاتی و چەكداری. رووناكبیرانی كورد ئەركی سەرشانیانە لە بەهیز كردنی گەلەكەیان لە هەموو بوارەكاندا بە شیوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەشدار بن.

هەر لیرەدا پیویستە ئەو راستی‌یەش دەست نیشان بكەین كە خەباتی چەكداری گیروگرفتی خۆی هەیە، هەروەها ئەو هیزە سیاسی‌یانەش كە خەباتی چەكداری‌یان بەریوە بردووە بە هۆی هەلومەرجی سەختی خەبات كەم و كوری‌یان بووە كە جیگای رەخنەیە. بەلام رەخنە گرتن شتیكە و " نفی" كردن شتیكی دیكە. هەق وایە هەموومان ریزی هەموو ئەو كەسانە بگرین بە شیوەیەك خەبات دەكەن لە دژی زۆرداری و حكوومەتی دژی گەلی و دژی مرۆڤایەتیی كۆماری ئیسلامیی ئیران و، لەو نیوەدا سوپاس و ریزی بی پایان بۆ پیشمەرگە كە سەخت ترین خەباتی بەریوە بردووە و بەریوە دەبا.

جاریكی دیكەش رۆژی پیشمەرگەی كوردستان لە هەموو پیشمەرگەكان، بنەمالەكانیان و هەموو خەباتگیرانی كورد و لە هەموو خەلكی كوردستان پیرۆز بی.

# بزووتنەوەی کوردستانو خەباتی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە

## (لە یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا)

**خوێنەرانی بەڕێز:**

**٢٦ی سەرماوەز لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ئەم ڕۆژەیە کە بۆ ڕێزگرتن لە دەوری پێشمەرگەو هەوڵو فیداکاریی لیبراوانەی ئەو مرۆڤە خاوەن هەڵوێستو فیداکارانەیە کە لە دژوارترین قۆناخەکانی مێژووی وڵاتەکەماندا، بە هانای نیشتمانەوە چوونو لێهاتوویی، وزە، تەنانەت ژیانیشیان کردە دەسمایەی سەربەستیو پێشکەوتنی ئەم وڵاتە.**

**لەڕاستیدا کوردستان لەمێژ ساڵە کە وەچە بە وەچە پێشمەرگە پەروەردە دەکا، چونکە پێویستیی پارێزگاریی لە بوونو مانەوەی نەتەوەییو ڕزگاریی نیشتمان وای کردوە کوردستان بۆ ڕۆژێکیش بووە بێ پێشمەرگە نەبێ. کە باس لە ماف پێشێل کراویی کوردو پێشمەرگەش دەکرێ سروشتییە کە زۆربەمان وێنەیەکی بەرەنگاریی چەکدارانەمان لەزەیندا دروست دەبێ. ئەگەرچی پێشمەرگە تەنیا لە یەک شەرگەدا (شەری دوژمن) شەری نەکردوەو لە زۆربەی قۆناخەکانی خەباتدا هەڵگری بیری نوێو ئاڵوگۆڕ خوازانە بووە لە بوارەکانی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو . . . دا.**

**لەم ڕیپۆرتاژەدا هەوڵ دراوە لە زمان ژمارەیەک لە هاوڕییانەوە باس لە یەکێک لە شێوە خەباتەکانی پێشمەرگەی کوردستان (خەباتی چەکدارانە) بکرێ.**

***ئامادە کردنی: عەوڵا بەهرامی***



**○ ڕابردووی بەکارهێنانی شێوەی خەباتی چەکدارانە لە ئێران بۆ کەی دەگەڕێتەوەو ئەو هەلومەرجانەی ئەو شێوە خەباتەی لە کوردستانی ئێراندا تێدا تاقی کراوەتەوە بە چ شێوەیەک بوون؟**

**سمایل بازیار:** ڕەچاو کردنی شێوە خەباتی چەکدارانە لە لایەن حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بۆ ڕابردوویەکی دوور ناگەڕێتەوە. ڕاستە لە ڕەوتی شۆڕشی مەشرووتەدا ئازادیخوازان (خەڵکی تەورێز)بە مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە بەرامبەر پەلاماری ئیستبداددا، چەکدارانە بەربەرەکانییان کردو لە کوردستان "سمکۆ" میرانە لەگەڵ ئەرتەشی ڕەزاشا چەند شەڕو بەربەرەکانیی کرد، بەڵام نابێ ئەوەی بە حیسابی هەڵبژاردنی تاکتیکی خەباتی حیزب یا ڕێکخراوێك بۆ گەیشتن بە ستراتیژییەکی دیاری کراو دابنرێ. لە ڕاستیدا بیرۆکەی ئەو شێوەیە لە خەبات لە ئێراندا بۆ دەیەی ٤٠ دەگەڕێتەوە. ئەوەش کە چۆن بوو ئەو شکلە نوێیە لە خەبات کەوتە بەرنامەی موخالیفینو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا، دەبێ لەو هۆکارانە ورد ببینەوە کە زەروورەتی ئەو شێوە خەباتەی هێنایە گۆڕێ. لە نێو چوونی دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی ـ قانوونیو ناهومێد بوونی خەباتگێران لەو شێوەیە لە تێکۆشان، پاسیفیزمو چوونە پەراوێزی حیزبی توودەو بەتایبەتی هۆکارێکی دەرەکییش کە ناکرێ لە لای تێپەڕین هەروەك دەزانین بە دوای کۆتایی هاتن بە شەری دووهەمی جیهانیداو لە ڕەوتی لەبەریەك هەڵوەشانی سیستەمی ئیستیعماریدا بەشێك لە گەلانی وڵاتانی موستەعمەرە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیانداو لە وەدەرنانی داگیرکەراندا پەنایان بۆ خەباتی چەکداری برد (چین، ویتنام، ئەلجەزایر). هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا لە ڕێگای خەباتی چەکدارانەو پەرەئەستاندنی شەری چریکیو پارتیزانی لە ئەمریکای لاتین، فکری گۆڕینی شێوەی خەباتو ڕەچاوکردنی خەباتی چەکدارانەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنو موخالیفینی ڕێژیم بەتایبەتی لە نێو خوێندکارانو لاوە ڕادیکاڵەکاندا بەهێز کرد. هەربۆیەش لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠و دەقیقتر بڵێم لە ساڵی ١٣٤٩را ئەو تەشەکولانەی کە باوەڕیان بەو شێوەیە لە خەبات هەبوو دەستیان بە فەعالییەتی چەکدارانە کرد. هەڵبەت چەندیو چۆنیو سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی ئەم ڕێبازە بۆ خۆی بەحسێکی دوورو درێژ هەڵدەگرێ کە لە حەوسەڵەی ئەو وەڵامەدا ناگونجێ.

بەڵام لە کوردستانی خۆماندا دەبێ بڵێم بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ڕەچاوکردنی خەباتی چەکدارانە وەك تاکتیکی حیزبیکی سیاسی لە پێناوی ستراتیژییەکی موشەخەسدا لە ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ بەهۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوە چوو. دیارە ئەو هۆکارانەی کە لە سەر هەڵبژاردنو ڕەچاوکردنی ئەم شێوەیە لە خەباتدا دەوریان هەبووەو لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن لە سەر هاندانو بە قەناعەت گەیشتنی ڕێبەرانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ٤٦ بۆ هەڵبژاردنی ئەم شێوەیە لە خەبات بێ ئەم لاو ئەولا شوێنەواری خۆیان هەبووو بەتایبەتی کە چەند کەس لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە وەك کاك سمایل شەریف زادەو . . . کە لە سەرەتاکانی دەیەی ٤٠دا لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جووڵانەوەی خوێندکاریی ئەو کاتدا بوونو هەروەك ئاماژەم پێکرد زانستگا لەو شوێنانە بوو کە بە توندی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو شێوەیە لە خەبات. دیارە نابێ هەلومەرجی کوردستانی عیراقیش کە لەو ساڵانەدا بەهۆی هێزی پێشمەرگەوە شۆڕشێکی چەکدارانەی ـ شۆڕشی ئەیلول ـ تێیدا بەڕێوە دەچووو بێگومان کارتێکردنی خۆی لە سەر ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازە هەبوو، لە بیر بکەین.

ڕەچاوکردنی ئەو شێوەیە لە خەبات بۆ جاری دووهەم لە کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ پاش ڕووخانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشاو هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئەوجاریش حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی گەلی کورد بە ناچار پەنای بردە بەر ئەم شێوەیە لە خەباتو دەقیقتر بڵێم جاریکیتر ئەو شێوەیەی لە خەبات بە سەردا سەپا، ئەوەش کاتێك بوو کە هەموو هەوڵو تەقەلای حیزب بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان لە ڕێگای وتوویژەوە بەهۆی نیاز خراپیی ڕێژیم تووشی شکست هاتو کۆماری ئیسلامی وەڵامی داخوازە ڕەواکانی گەلی کوردی بە چەك داوەو بە دەیان هەزار سەربازو پاسدارو جاشو بەسیجی کە بە هەموو چەکێکی مۆدێرنو وێرانکەر پۆشتەو پەرداخ کرابوون بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان ڕەوانە کردو بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی شەڕو سەرکوتی لەبەرامبەر داخوازەکانی گەلی کورددا هەڵبژارد، سیاسەتێك کە ئێستاش بەردەوامە.



**○ پێت وایە پێشمەرگە ناوێکی پیاوانەیە یان دەش توانی بە پێی ئەم بەشدارییەی ژنانی کوردستان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر نیشانیان داوە ناوێك بێ بۆ هەر تاکێکی کورد (ژنو پیاو) کە بۆتە پێشمەرگە؟**

**عومەر باڵەکی:** لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا پێشمەرگە هەر ناوێکی پیاوانەیە یا ئافرەتی کوردیش دەتوانێ هەڵگری ئەو نازناوە بێ، بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا ژنانی کوردستان تا ئەو جێگایەی کە هەلومەرجو فەرهەنگو دابو نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئیجازەی دابێ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا بەشدارییان کردوەو بە کردەوە دەرکەوتوە کە دڵسۆزیو هەستی شۆڕشگێری لە نێو ژناندا بەگشتی زۆر بەهێزەو لە پلەیەکی زۆر بەرز دایەو کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە لە نێو ڕیزەکانی دیموکراتدا بوونو شان بە شانی براکانیان لە خۆراگریو بەربەرەکانیدا بوونو تێکۆشاون، یا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کەوتوونەتە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری بەکرێگیراونی ئەو ڕێژیمەو مەرگی سووریان بە دڵێکی ئاوالەو بێترسو خۆف قبووڵ کردوەو شەهید بوونو چوونەتە نێو کاروانی شەهیدانەوە. بە کورتی دەتوانین ئاوا بڵێین بە پێی خەسڵەتەکانی جووڵانەوەی گەلی کورد هەر تاکێکی کۆمەڵ چ پیاوو چ ژن دەتوانێ بەشداری ئەو جووڵانەوەیە بێ. بۆیە ناز ناوی پێشمەرگە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵ کە بەشداری خەباتو شۆڕشە شتێکی سروشتییەو بێدانانی جیاوازی دەتوانین بە کاری بێنین.



**○ دەتوانین بڵێین گرتنەبەری خەباتی چەکدارانەی هەلومەرجێکی تایبەتی بووە نەك هەڵبژاردنێك؟**

**کاوە بەهرامی:** وەك دەزانین خەباتی چەکداری لە وڵاتێکدا سەر هەڵ ئەدا کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری تێدا حاکم بێت کە وەڵامی داخوازە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی خەڵك بە گرتنو کوشتنو سەرکوتی ئازادیخوازان ئەداتەوەو هیچ چەشنە ئازادییەك لە ژێر دەسەڵاتو سێبەری ڕێژیمێکی ئەوتۆدا، دەستەبەر ناکرێ. لەو پێوەندییەدا بوو کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینیدا، بە شێوەی ڕەسمی بەیاننامەی ڕەوابوونی خەباتی چەکداری دژی زۆرداریو کۆنەپەرستی پەسند کردو وەك شێوەیەك لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادیو ڕزگاریی گەلان "نهادینە" کرا. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داخوازی سیاسیی هەیە کە بریتییە لە: دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان، کە ئەم داخوازییانە لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا گەڵاڵە کراون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبەکەمان، ویستو داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیو شەخسی خومەینی هێنایە بەرباسو بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان لە ڕێگای ئاشتییەوە هەوڵێکی زۆری دا، بەڵام بێجگە لە هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستانو دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە دژی گەلی ئازادیخوازی کوردو شەڕو کێشەو ئاژاوە نانەوە لەم ناوچەیەدا، هیچ وەڵامێك بەم داوا بەرحەقانەی گەلەکەمان نەدرایەوە. ئێمە زۆر جار ڕامانگەیاندوە کە خەباتی چەکداریمان بە پێخۆش بوونی خۆمان ـ وەك شێوەیەك لە خەبات ـ هەڵ نەبژاردوە، بەڵکوو ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بە سەریدا سەپاندووین. سیاسەتو هەڵوێستەکانی ڕێژیم لە ماوەی هاتنە سەرکارییەوە هەتا ئێستا ئەگەر چاو لی بکەین، دەرحەق بە گەلی کورد بریتی بوون لە: گرتن، کوشتنو زیندانی کردنو تەبیعدی تێکۆشەرانی سیاسیو ئازادیخوازان، وێران کردنی گوندەکانو قەڵاچۆ کردنی خەڵکەکەی، نەبوونی هەر چەشنە ئازادییەکی بەیانو بیرو باوەڕو قەڵەم، بێ متمانەیی بە کوردەکان لە ئەسپاردنیو بەڕێوە بردنی ئیدارەی شارو ناوچەکانی کوردستان، سیاسەتی کورد بە کورد بە کوشت دان، بایەخ نەدان بە بیرو باوەڕی مەزهەبی خەڵکی ناوچەو سووکایەتی کردن بە "مقدسات"ی وان؛ ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوە کە خەڵك بۆ دیفاع لە مانو مەوجوودیەتی خۆی لە شێوەی خەباتی چەکدارییش کەڵك وەربگرێ. ←



**○ ئەو هۆکارانە کامانە بوون کە حیزبی دیموکراتیان ناچار کرد، شێوازی خەباتی چەکدارانە لە پەنا شێوازەکانی دیکەی خەبات بگرێتە بەر؟**

**چەکۆ ڕەحیمی:** لە وڵاتێکدا کە نیزامەکەی دیموکراتیك بێو مافی خەباتی سیاسی بە هێزە سیاسییەکان درابێ، هیچ پێویست ناکا هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەست بۆ چەك بەرن. چونکە هەرەشەیەك لە سەرمانو تێکۆشانی ئەوان نیەو هەڵسووکەوتی حاکمییەت توندوتیژ نیە. بەڵام لە دەوڵەتێکدا کە نیزامەکەی غەیرە دیموکراتیکەو دەسەڵاتداران گوێڕایەڵی ڕێوشوێنە دیموکراتیکەکان نینو داوای مافە ئینسانیو نەتەوەییەکان بە دژایەتی کردن لەگەڵ نیزامی دەسەڵاتدار دەژمێردرێو بە گشتی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانە کپ دەکرێ، کۆمەڵانی خەڵكو هێزە سیاسییەکان ناچار دەبن بۆ دیفاع لە مافو مەوجوودییەتی خۆیان کەڵك لە خەباتی چەکداری وەرگرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەك حیزبێکی سیاسیو شۆڕشگێر کە بۆ وەدیهێنانی دروشمە سیاسییەکانی (دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان) خەبات دەکا لەم قاعیدەیە بەدەر نیە. حیزبەکەمان تا ئێستا چەندین قۆناخی لە خەبات تێپەڕ کردوەو کەڵکی لە زۆر لە شێوەکانی خەبات وەرگرتوەو خەباتی چەکدارانەش یەکێك بووە لە شێوەکانی خەبات.

بە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان، حیزبی دیموکرات هەوڵی زۆری دا کە مەسەلەی کورد لە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر بکا. بەڵام ڕێژیمو لە سەرووی هەمووان خومەینی لە جێگای ئەوەی گوێ لە ویستو داخوازەکانمان بگرێ، فتوای جیهادی بە دژی گەلەکەمان دەرکرد. گەلی کوردیش بۆ پاراستنی خۆی ناچار بوو دەست بۆ چەك بەرێو دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی خۆی بکا. وەك دەبینین ئەو شێوە خەباتە سەرەرای سەرکوتی توندی ڕێژیم بۆتە ڕەمزی مانەوەی بزووتنەوەکەمان لە لایەكو لە لایەکیش نیشانەیەك بووە لە بێدەنگ نەبوون بەرانبەر سەرەڕۆیی.

**❍ لەم هەلومەرجەدا کە جوولانەوەی ئیعتیرازیی کۆمەلانی خەلکی ئیران تا دێ بەرینتر دەبیتەوە خەباتی چەکدارانە دەتوانێ چ پیگەیەکی هەبێ؟**

**کەریم مەهدەوی:** ئیمە لەراستیدا وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران خەباتی چەکداریمان بە ویستو دلخوازی خۆمانو وەك تەنیا شیوەی خەبات هەلنەبژاردوە. بەلکوو خەباتی چەکدارانەمان بە سەردا سەپاوە. بۆیە چ لە رابردوودا و چ لە داهاتووشدا پیمان وانەبووەو وا نابی کە خەباتی چەکدارانە تەنیا شیوەی شویندانەری خەباتە. دیارە ئاساییە کە هەر گەلو نەتەوەیەك مەوجوودییەتی بکەویتە مەترسییەوە مافی بێئەم لاو ئەو لایەتی کە بۆ دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی خۆی لە هەر شیوەیەك لە خەبات کەلك وەرگرێ. بیجگە لەوەش هەر قۆناخیك لە خەبات شیوە خەباتی خۆی هەیە.

من پیم وا نیە کەس هەبێ هیرشی نەکرابیتە سەر یان ئیمکانی هینانەگۆرێ داخوازییەکانی بەشیوەی موسالمەت ئامیز



هەبێو گوێ بۆ ویستو بیروراکانی رابگیرێ، بەلام هەر لە سەر خەباتی چەکداری پێداگرێ. بە نەزەری من لە هەلومەرجی ئیستادا پیویستە پشتیوانیی هەمە لایەنە لە حەرەکەتە ئیعترازییەکان بکرێو پەرەیان پێ بدرێ. ئەو کاتەش کە ریژیم بیهەوێ لە ریگای سەرکوتەوە پیش بە حەرەکەتە ئیعترازییەکان بگرێ رەنگە پیویست بێ ریگای دیکەش تاقی بکریتەوە.

بە کورتی گرتنە بەری هەر شیوەیەك لە خەبات دەبێ لە خزمەت پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەم جوولانەوە ئیعتیرازییە دابێ.

**❍ زەحمەتکیشانی کوردستان بە گەورەترین پشتو پەناو پالپشتی بزووتنەوەی کورد دەژمیردرین. لەم رۆژەدا (رۆژی پیشمەرگەی کوردستان) چون باسی نەخشی ئەوان دەکەی؟**

**برایم چووکەلی:** زەحمەتکیشانی کورد بەگشتیو گوندنشینانی کوردستان بەتایبەت لە کاتی شەری داسەپاو بە سەر کوردستانو حیزبی دیموکراتدا دەوری تایبەتیان هەبووو رۆلی سەرەکییان گیراوە. رەنگە نەتوانرێ بەگشتی ئاماژە بەو هەموو فیداکاریو لە خۆبووردووییانە بکرێ کە ئەم ئازیزانە لە خۆیان نیشان داوە، بەلام تیشك خستنە سەر



هیندیك لایەن بە پیویست دەزانم.

ئەوان هەر لە سەرەتای داسەپانی شەر دژی گەلی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەرکی سەرەکیو گرینگی بەرگرییان لە سەر شان بووە، گوندیان لی خاپوور کراوە، مالیان ویران کراوە، مەزراو مووچەو دەغلو دانیان لی سوتیندراوەو بەگشتی، بەردەوام پەلاماری دوژمنیان لە سەر بووە. ئیستاش رۆژ نیە هەوالی تەقینەوەی مینیك لە کۆنە مۆلگەکانی دوژمنو مەزراو مووچەی خەلك لە رۆژنامەکاندا بلاو نەبیتەوەو کارەساتیکی لی نەکەویتەوە.

لە کاتی عەمەلیاتەکانی هیزی پیشمەرگە لە ماوەی ٢٠و چەند سالی رابردوودا پشتیوانو پالپشتی سەرەکیی هیزی پیشمەرگە بوون. لەو کاتە ئەستەمو ناسکانەدا زۆر ئازایانە بەرەو پیلی پیشمەرگە هاتوونو بە هەموو شیوەیەك یارمەتیان داون وەك نیشاندانی شوینی دوژمنو گواستنەوەی زانیارییەکانیان، یارمەتی مالی بە حیزب، حەشاردانی کادرو پیشمەرگەکان لە کاتی پیویستیدا، دابین کردنی پیدوایستییەکانی تیکۆشەرانی حیزب وەك خواردەمەنیو دەرمانو . . . لەو خزمەت کردنەشدا گەلیك فشارو زەختیان لە سەر بووە. تەنانەت تووشی زیندانو ئیعدامیش هاتوون. ئەوانە هەموو بەشیك لەو ئەرکە پیرۆزانە بوون کە گوندنشینە زەحمەتکیشەکانی کوردستان دلخوازانەو بە ویستی خۆیان خستبوویانە سەر شانو سەر بەرزانەش بەجییان گەیاندوون.

بەگشتی دەتوانم بلیم زەحمەتکیشانی کوردستان بەشیکی بەرچاوی قورسایی خەباتی چەکدارانەیان لە سەرشان بووەو لەم رۆژەشدا ویرای وەبیرهینانەوەی زەحمەتو ماندوو بوونەکانی ئەوان ریزیان لی دەگرمو هیوادارم رۆژیك بتوانین ئەمەگی ئەوان بدەینەوە.

**❍ هیزی پیشمەرگەی کوردستان چەندە توانیویەتی ریوشوینە پەسندکراوەکانی پیوەندیدار بە دیلو برینداەرکانی دوژمن لەو کاتانەدا کە لەگەل هیزە نیزامییەکانی ریژیم بەرەوروو بوونەتەوە، رەچاو بکا؟**

**سەید برایم هاشمی:** شتیکی سروشتییەو دەگەریتەوە بۆ بەرنامەو پەیرەوو نەزمو دیسیپلینی هەر حیزبیك کە لە خەباتدا دەی گریتە پیشو دیاری ئەکا. لەو پیوەندییەدا حیزبی ئیمە پابەند بووە بە ئەو ئۆسوولانەی کە پیویستە هیزیکی سیاسی لە کاتی شەردا بۆ دیلەکان یا لە مەیدانی شەردا لەبەرچاو بگرێ. ئەمەن پیم خۆشە لەم پیوەندییەدا ئیشارە بە پەیامیکی ریبەری شەهیدو مەزنمان دوکتور قاسملوو بکەم. لە ناوچەی بانە زۆر جار شەری وا ئەبوو، شەری قارەمانانە کە دەسکەوتی زۆری ئەبوو دوژمن شکستی گەورەی ئەخواردو تەلەفاتی زۆری ئەدا جاریك لە بیرم دێ پەیامیکی نارد بۆ کۆمیتەی بانەو گوتبووی کە ئەمن ئەو شەرەی بە شەریکی



سەرکەوتوو دەزانم کە دیلی زۆر بێو کوشتەی کەم بێ. جا وەختیك حیزبیك ئەمە بۆچوونەکەی بێ، ئەمە بۆچوونی ریبەرەکەی بێ، شکی تێدا نیە کە هیزی پیشمەرگەیشی وا دەبێ کە حیزبەکەی دەیهەوێو لیی حالیە دەبێ بەو جۆرە بەرخورد لەگەل دیلەکانی شەر بکا. بۆیە من لە ماوەی ئەم چەند سالەدا بەراستی خۆش حالم لەوەی کە حیزبی ئیمەو هیزی پیشمەرگەی ئیمە دەوریکی ئاوای بینیوەو رەفتاریکی ئینسانی لەگەل دیلەکانی شەر کردوە. رەنگبێ دیلەکانی شەر ئەگەر رۆژیك مەجالی ئەوەیان هەبێ بۆ کۆمەلانی خەلك باس بکەن باشترین شایەد بن بۆ بەرخوردی هیزی پیشمەرگەی کوردستان لەگەل ئەواندا، بەرخوردیکی زۆر ئینسانی بووە، بەو جۆرە بووە کە ئوسوولە پەسند کراوەکانی دنیا باسی لی دەکەنو هەم حیزبی ئیمەش بروای پییان بووە. دەتوانم بلیم زۆر جاری وابووە کە ئیمە رەفیقی زۆر خۆشەویستمان شەهید بووە، چەندین رەفیقمان شەهید بووە لە شەریکدا، زۆر جاری وا رێ کەوتوە کە دوو برا پیشمەرگە بوون یەکیان شەهید بووە، یا کەسیك ئاموزاکەی شەهید بووە، باوکی شەهید بووە، خالی شەهید بووە، نزیکترین دۆستی شەهید بووە، بەلام کە دەستی گەیشتۆتە ئەسیرەکە ئامادە نەبووە چووکەترین قسەی پێ بلێ چ بگا بەوە کە ئەزییەتی بکا. هەر ئەمەش ببووە باعیس ئەوەی هیزەکانی دوژمن زۆر جار لەشەر لەگەل هیزی پیشمەرگەی کوردستان خۆیان دەبوواردو سەعیان دەکرد تەسلیم بن. زۆر جاریش ئەو بریندارانە هەمووشایەدنو کۆمەلانی خەلکی کوردستان کە زۆر جار لیمان نزیك بوون ئاگایان لییە دەزانن کە ئیمە پیش پیشمەرگەی خۆمان یا پیش خەلکی بیدیفاع کە بریندار بووە ئیمە حەتمەن دیلەکانی شەرمان دەرمان کردوەو نەمان هیشتوە بە برینەوە بمرن.

## هاتنی دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو شۆرشگیر بۆ نیو ریزەکانی حیزب

رۆژی دووشەممە، ریکەوتی ١٨/ ٨١/٩ دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەری گەلەمان پاش کۆتایی هاتنی دەورەکەیان (دەورەی ١٤٥ی سەرەتایی پیشمەرگە) چوونە ریزی تیکۆشەرانی دیموکراتەوە.

بەو بۆنەیەوە ریورەسمیکی بەشکۆ بە بەشداریی هەیئەتی نوینەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەو هەروەها کۆمەلیك لە تیکۆشەرانی حیزبیو بنەمالەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی، لە فیرگەی سیاسی ـ نیزامی بەریوە چوو.

ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ کرد. پاشان هاوریی بەریز کاك عۆمەر بالەکی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی فیرگەی سیاسی ـ نیزامی بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پیشکەش کرد. بەریز ناوبراو پاش پیرۆزبایی کردن لە بەشدارانی دەورەی ١٤٥، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەکەیانەوە باسیکی لەسەر ناوی بەرزو پیرۆزی پیشمەرگەو ئەرکی پیشمەرگەکان پیشکەش کرد. کاك عومەر لە سەرەتای باسەکەیدا وتی: "پیشمەرگە وشەی ئاشنای سەر زاری دۆستو دوژمنە. بۆ دۆست شانازی خولقینو بۆ دوژمن ترسینەرو زراو بەرە. پیشمەرگە ئەو مرۆڤە ئازایەیە کە ئاگاهانەو لەسەر ویستو داخوازی خۆی، سەنگەری پیشەوەی خەبات هەلدەبژیرێو ئەگەر پیویست بوو بەنرخترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانیشی بەختی سەربەستیی گەلەکەی دەکا."

هاورێ عومەر پاشان ئاماژەی بە تایبەتمەندییەکانی پیشمەرگە کردو پاراستنی پرستیژو ئیعتیبارو کەسایەتیی پیشمەرگەی بە ئەرکی هەموو ئەو کەسانە دانا کە دینە نیو ریزەکانی تیکۆشەرانی دیموکرات و دواتر لەسەر وەزعی ئیستای ئیرانو کوردستان دواو ئەرکەکانی تیکۆشەرانی دیموکراتی لەو هەلومەرجەدا دەستنیشان کردن.

لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا راپۆرتی فیرکاریی فیرگە لە لایەن یەکیك لە مامۆستایانی فیرگەوە خویندرایەوە.

لە بەشیکیتری ریوەرسمەکەدا هاورییان کاك حەمدی حوسینیو کاك رەزا فەیزی، مامۆستایانی فیرگە خەلاتیان بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد. نیوئاخنی بەرنامەکە کۆمەلیك ئاهەنگو شیعرو گورانیی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە بە هاوکاریی کوری هونەریی حیزب پیشکەش کران.

کۆتایی هینەری ریورەسمەکە شانۆیەکی کۆمیدی بوو کە لە لایەن بەشدارانی دەورەی ١٤٥ەوە ئامادە کرابوو کە لەگەل پیشوازیی بەشدارانی ریورەسمەکە بەرەوروو بوو.

**❍ وەك دەزانی لە ماوەی سالانی رابردوودا خەباتی چەکداری وەك شیوەیەکی بەرچاوی خەباتی حیزبەکەمان بەریوە چووە، جەنابت پیت وایە ئەم شیوە خەباتە بۆ رەچاوکرا یان گرینگیی پێدراوە؟**

**سەید عیزەت حوسەینی:** حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەرچەند باوەری بە شەر نەبووەو پیی خۆش بوو کە مەسەلەکانی لە ریگای سیاسیو دیالۆگەوە چارەسەر بکات. بەلام کۆماری ئیسلامی کە ریژیمیکی دواکەوتووەو لەگەل هیچ واقعیەتیکی سەردەمدا خۆی نەگونجاندوەو خۆی ناگونجێو داوا رەواکانی کورد بە ئاورو ئاسنو ئیعدامو قەلاچۆ کردن ولام داوەتەوەو شەری دژی گەلی کورد راگەیاندوە. شەری نەورۆزی



خویناویی سالی ١٣٥٨ی سنە، شەری نەغەدە، شەری پاوە، سەرئەنجام فتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاویژی ٥٨دا، نیەتی کۆماری ئیسلامیی بەنیسبەت گەلی کورد دەرخستو کورد گوتەنییە شەر بەرۆکی پێگرتین. ئیمەش دیفاع کردنمان بە حەقی خۆمان زانیو بۆ دیفاع کردن لە مافو مەوجوودییەتی گەلی کورد شەری چەکداریمان وەك شیوەیەکی خەبات هەلبژارد.

لە سەرتاسەری کوردستاندا رووبەرووی هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم بووینەوە. قارەمانەتییەکانی پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە کرماشانەوە تا سنووری قوتوور لە شیمالی کوردستان، نیشانەی ئەم راستییەن. لە راستیدا رەچاو کردنی خەباتی چەکدارانە نەك هەلبژاردن نەبوو، بەلکوو لەئاکامی ئەو هەلومەرجەدا کە باسی کراو کردەوەی سەرکوتکەرانەی ریژیم لە بەرانبەر داوا رەواکانی گەلی کورددا، هاتە گۆرێ. بەم شیوەیە ئیمە بە خەباتی چەکدارانە بەرگریمان لە مانو مەوجوودییەتی خۆمانو ویستە شۆرشگیرانەکانمان کرد.

**له دەرەوەی ولات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

### راست کردنەوەی هەلەیەك

**لە ژمارەی رابردووی "کوردستان"دا لە پەراویزی وتاری "ناوی چیای ئەڤرین چۆن کرا بە محەممەد ئاغا"دا، هەلەیەکی چاپی رووی دابوو. ویرای داوای لیبووردن لە خوینەران بەم جۆرە راستی دەکەینەوە:**

**مەبەست شەهید سەرگورد عەبباسییە (کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو فەرماندەریکی حیزبی دیموکرات بووو هاوینی ١٣٥٩ چەند مانگ پاش گەرانەوە لە مەئمورییەتیکی شیمالی کوردستان، لە شاری مەهاباد تیرۆر کرا).**

**"کوردستان"**

# بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 355  21 Dec 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

بەر لە ماڵاوایی

# ئەدی لەبارەی ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بە کوردستانەوە دەڵێن چی؟!

ع. وریا

کوردەکانی ئێران بەگشتی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، لەبارەی ناسین‌و هەڵوێستێك کە لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا، هەر لە ڕۆژی هەوەڵی هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە هەیانبووە، هەقیانە بە خۆیان بنازن چونکە:

لە حاڵێکدا نەك هەر کۆمەڵانی ساویلکەو دەمارگرژ، بەڵکوو زۆر لە حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانیش فریوی ریاکاری‌و دروشمەکانی کۆماری ئیسلامی‌و بنیاتنەرەکەیان خواردبووو بە شۆڕشگێر، دژی ئیمپریالیست، لایەنگری هەژاران‌و زەحمەتکێشان، دوژمنی زۆرداری‌و چەوساندنەوەو پشت‌و پەنای ژێردەستان‌و زۆر لێکراوانی جیهانیان دەزانی‌و چووبوونەسەنگەری دیفاع لەو ڕێژیمەوە، خەڵکی کوردستان‌و لە پێشەوەی ئەوان حیزبی دێموکرات، هەڵنەخەڵەتان. ئەوان هەر لە هەوەڵەوە شتێکی زۆر سادەو ساکاریان کرد بە مەحەکی ڕاست‌و درۆ بوونی ئیددیعاکانی کۆماری ئیسلامی‌و ڕێبەرەکەی. گوتیان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، هەم موسوڵمانە، هەم لە مێژ ساڵە ژێردەست‌و زۆرلێکراوە، هەم رابردوویەکی دوورو درێژو خوێناویی لە خەبات بە دژی دیکتاتۆریی پەهلەوی‌دا هەیە. هیچ کاتێکیش پێگەو پشتیوانی ئیمپریالیزم نەبووەو زیاتر لە زۆر نەتەوەی دیکە غەدرو جەوری دەسەڵاتە ئیمپریالیستی‌یەکانی دیوە. هەر لەو کاتەش‌دا گەلێکی هەژارو زەحمەتکێش‌و بێبەشە. ئەگەر ئەو ڕێژیمەو ڕێبەرەکەی، سەرەتایی‌ترین ویست‌و داخوازەکانی ئەو گەلەیان ـ کە نە دژی ئیسلام‌و نە دژی سەربەخۆیی ئێران‌و نە دژی بەرژەوەندی هیچ یەك لە گەلانی دیکەی ئێران‌و وڵاتانی دراوسێن ـ قبووڵ کرد، ئەوە مانای ئەوەیە دروشم‌و ئیددیعاکانیان ڕاستە. بەڵام کاتێك بەچاوی خۆیان دیتیان خۆمەینی‌و ڕێژیمەکەی ئامادە نین دان بە هیچ ماف‌و ئازادی‌یەکی گەلی کورددا بنێن‌و زمانی زۆرو سەرکوت‌و دەستی دەستی پێ‌کردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بەکار دێنن، پێ بە پێی ئەم هەڵوێست‌و ڕەفتارانەش، بینیان لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش، هەموو ڕۆژێك بەشێوەیەك دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازەوە، وەردەگیرێنەوە، بێ هیچ گومان‌و دوو دڵی‌یەك، لە بەرامبەری‌دا ڕاوەستان‌و بە سەربەرزی‌و شانازی‌یەوەش نرخی ئەو سەردانەنواندن‌و بەربەرەکانی‌یەیان دا.

ئێستا کە چەند ساڵێکە ڕەوتی هەڵگەڕانەوە لە کۆماری ئیسلامی، تەنانەت لە نێو ئەوانەدا کە نزیکەی دوو دەیە خزمەتیان بەو ڕێژیمەو ئامانج‌و مەبەستەکانی کردو لە مۆرە هەرە گرنگەکانی بوون، دەستی پێ کردوە، زۆر ڕەخنەو لە قاودان لە زمانی ئەوانەوە لەبارەی نێوەرۆك‌و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەبیسین‌و دەخوێنینەوە. بەبێ ئەوەی بمەوێ توسقاڵێك لە بایەخ‌و نرخی ئەو ڕەخنەگرتن‌و لە قاو دانانەیان کەم بکەمەوە، دەڵێم ئەوان بە شتێك زیاترو ڕاستتر لەوە نەگەیشتوون کە حیزبی دێموکرات‌و خەڵکی کوردستان لە بیست ساڵ لەوە پێشەوە پێی گەیشتوون. ئەوە کە ماف‌و ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا نایەنە دی؛ ئەوە کە گۆڕینی مۆرەو بەرپرسان‌و ڕێبەران نابێتە هۆی گۆڕانی نێوەرۆکی ئەو نیزامە؛ ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە بێ قەیران خوڵقاندن لە نێوخۆی وڵات‌و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا؛ ئەوە کە دینی ئیسلام‌و ناوی خوا بوون بە ئامرازێك، تا تاقمێکی دەسەڵاتپەرست بە هۆی ئەوانەوە فەرمانڕەوایی‌و خودایەتی بەسەر خەڵكدا بکەن؛ ئەوە کە ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕای هەموو دروشم‌و ئیددیعایەکیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل‌و . . .دا، ئەگەر ڕۆژێك بەرژەوەندی ڕێژیمەکەیان بخوازێ بۆ هەموو سات‌و سەودایەك لەگەڵ ئەوان ئامادەن؛ ئەوە کە "قانوون" و "هەڵبژاردن" و "دەنگی خەڵك"، هیچ ڕێزو ماناو ئیعتیبارێکی لەو نیزامەدا نیەو تەنیا بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی ئەمڕۆیی لەو نیزامە بۆگەنە ناویان هەیەو هێندێك جار بە کار دەهێنرێن؛ بەڵێ هەمووی ئەو قسانە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە لایەن حیزبی دێموکرات‌و خەڵکی کوردستانەوە، دەگوترێنەوە.

دیارە ئەوە جێگای خۆشحاڵی‌یە کە نەك هەموو خەڵکی وڵات، بەڵکوو یارانی وەفاداری تا دوێنێی ئەو ڕێژیمەش، ئێستا ئەم ڕاستی‌یانەیان بۆ دەرکەوتووەو بە "تەپی ئەعلا" لە قاوی دەدەن. بەڵام زۆر خۆشتر دەبوو ئەو جەنابانەو هەموو ئەوانەی بە کاوەخۆ ، هاتوونە سەر قسەی خەڵکی کوردستان‌و یەکەمین بەرهەڵستکارانی زۆرداری‌و کۆنەپەرستی، واقیع‌بینی، ناسینی قووڵ‌و شەهامەت‌و ئازایەتیی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات کە زۆربەیان ڕۆژێك بە تاوانێکی گەورەو نەبەخشراویان لە قەلەم دەدا، وەبیر بێننەوەو بۆ جارێکیش بووە دان بەوەدا بنێن کە هەقە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بە بۆنەی پێشڕەوبوونیان لە بەربەرەکانیی ئەو ڕێژیمەداو سەبارەت بە ساڵانێکی زۆر خۆڕاگریی خوێناوی لە بەرامبەر زۆرداری‌و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌دا، ڕێزی شیاویان لێ بگیرێ.

کەسانێکی وەك عەبدوڵلا نووری، ئەکبەری گەنجی، ئایەتوڵلا تاهیری‌و قاسمی شوعلەسەعدی‌و. . . بێگومان مرۆڤێکی زۆر ئازان کە بێ ئەوەی ئێران‌و ژیان لە سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامی‌دا بەجێ بێڵن، بڕیار دەدەن ئەو ڕاستی‌یانەی بۆیان دەرکەوتوە ، چی دیکە لە سینگی خۆیاندا حەشاریان نەدەن. ئازایەتیی ئەوان لەوە دایە کە دەزانن چ نرخێکی گران بۆ درکاندن‌و ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستی‌یانە دەبێ بدەن، بەو حاڵەش مل لە چەقۆ دەسوون. خوزگە ئەو ئازایەتی‌یەشیان دەبوو بڵێن حیزبی دێموکرات‌و گەلی کوردو هەموو ئەوانەی پێش ئێمە لە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە گەیشتن‌و کەوتنە بەربەرەکانی کردنی، بە هەڵە نەچووبوون، یاخی نەببوون، دوژمنان هانیان نەدابوون، بەڵکوو واقیع‌بینانە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامییان لێك دایەوەو هەر بەو پێیەش ئازایانەتر، بڕیاریان دا.



# فیلمیکی ئەفغانی لە پێشبڕکیی وەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکاردا



فیلمیك کە دەرهێنەریکی ئەفغانی بە ناوی "جەواد واسڵ" دروستی کردوە، لە ریزی ئەو فیلمانە دایە کە ئەمساڵ بۆ پێشبڕکێیە سەرەتایی‌یەکانی وەدەستهێنانی ئۆسکاری باشترین فیلمی خاریجی، دەستنیشان کراون.

فیلمەکە ناوی "سەماکەری ئاگر" (رقصنده آتش)ە‌و بۆ ئەوەی ببیتە یەکیك لەو پینج فیلمە کە دواجار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار دەکەونە پێشبڕکێ، دەبێ بەسەر ٥٣ فیلمدا (لە وڵاتانی وەك ئەلجەزایرو یوگوسلاوی‌یەوە) سەر بکەوێ. ئەمە یەکەمین فیلمی ئەفغانە کە بە مەبەستی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار بەشداریی پێشبڕکێ دەکا.

"جواد واصل" دەرهێنەری ئەم فیلمە، ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠١ بە شێوەیەکی دڵتەزین کوژرا. یەکیك لە بەرهەمهێنەرانی فیلمەکەی "جواد واصل" بە ناوی "ناتان سی پاول" بەوە تاوانبار کراوە کە ئەو دەرهێنەرەکەی کوشتوە. هەروەها بەوە تاوانبار کراوە کە سەری "جواد واصل" کە لە لەشی جیا کراوەتەوە، لە لای ئەوەو لە فریزیردا ڕای‌گرتوە.

کاتیك "جواد واصل" کوژرا، هێشتا فیلمەکەی تەواو نەببوو. ئەو فیلمە لە بارەی ئەو ئەفغانی‌یانەیە کە لە ئەمریکا دەژین. "سەماکەری ئاگر" لە یاریگەی کابول، ئەو شوینەی پێشتر تالیبان کەسانی مەحکووم کراو بە مەرگیان لێ ئیعدام دەکرد، بۆ خەلك پیشان دراوە.

وەکیلی "ناتان سی پاول" گوتوویەتی، پاول نەخۆشیی "شیزوفرنی"ی هەیەو کاتیك کە ئاغای "واصل"، ئەمریکای بە هاندەری خولقانی ڕووداوی ١١ی سیپتامبر ناساند، توورە بووە.

پیویستە بگوترێ ئەم فیلمانەش لە پێشبڕکیی فیلمە خاریجی‌یەکان بۆ وەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکاری ئەمساڵ دا کە قەرارە مانگی مارس بەریوە بچێ، بەشدارن. "پینوکیو" لە نووسین‌و دەرهێنانی "ڕۆبیرتۆ بنینی" (ئیتالیایی)، "شاری خودا" هی وڵاتی بریزیل‌و "لیلیا بۆ هەمیشە" هی وڵاتی سوئید.

سەرچاوە: سایتی bbc.Persian

## چارەنووسی حوکمی ئیعدامی "ئاغاجەری" چی لی هاتەوە؟



لە حالیکدا نزیکەی دوو مانگ لە دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ هاشمی ئاغاجەری رابردوە، دەزگای قەزایی نە دەیەوێ داواکەی خامەنەیی (چاوخشاندنەوە بە حوکمی ئیعدامی ناوبراودا) جێبەجێ بکا، نە دەویرێ بریارەکەی دادگای هەمەدان لەبارەی ئاغاجەری‌یەوە، بەریتە سەر. دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ ئەو مامۆستایەی زانکۆ، نارەزایەتی دەبرین‌و خۆپیشاندانی بەرینی خویندکارانی زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی بە دواوە بوو و بوو بە هۆی ئەوە خامەنەییش، بە پیچەوانەی ویستی دلی خۆی، داوا بکا چاو بەو حوکمەدا بخشیندریتەوە. بەڵام سەرۆك‌و بەریوەبەرانی دەزگای قەزایی دەیانەوێ بەتیپەرینی زەمان، رق‌و توورەیی خویندکاران‌و موخالیفانی ئەو حوکمە دامرکیتەوەو قسەی خۆیان بەرنە سەر. وەك لەم کاریکاتۆرەدا دیارە، تا چارەنووسی حوکمەکە روون دەبیتەوە، دەبێ ملی ئاغاجەری لە بن "گیوتین"دا بمینیتەوە.

## ڕۆناڵدۆ وەك باشترین یاریزانی جیهان ناسرا



ڕۆنالدۆ یاریزانی کارامەی بریزیلی، لەلایەن فیدراسیۆنی جیهانیی فووتبال (فیفا)ەوە وەك باشترین یاریزانی ساڵ هەڵبژیردرا.

ئەو هیرشکەرە بریزیلی‌یە، یەکەمین یاریزان لە میژووی فووتباڵ دایە کە بۆ جاری سیهەم ئەو نازناوە دەکاتە هی خۆی. ڕەقبەرەکانی دیکەی ڕۆنالدۆ بۆ ئەم نازناوە، ئۆلیویر کان‌و زینەددین زەیدان بوون کە بە سەریاندا سەرکەوت.

ڕۆنالدۆ ڕۆژی دووشەممە ١٦ی دیسامبریش، نازناوی باشترین یاریزانی ئوروپا لە سالی ٢٠٠٢ی‌دا پیدرا. چەند ڕۆژ پیش ئەو ڕووداوەش لەلایەن گۆڤاری "وورلد ساکر"ەوە خەڵاتی پێدرا.

ڕۆنالدۆ بە لیدانی ٨ گۆڵ لە جامی جیهانیی ٢٠٠٢دا خەڵاتی کەوشی زیرینی کردە هی خۆی‌و تیمی بریزیلیشی کرد بە قارەمانی دنیا.

ڕۆنالدۆ لە ریزبەندیی فیفادا ٣٥٧ خاڵ (ئیمتیاز)ی وەرگرت، ئۆلیویر کان، دەروازەبانی تیمی ئەلمان ١٧١ خاڵ‌و زەیدان هیرشبەری فەرانسەیی ١٤٨ خالی هینایەوە. پیشبرکێ‌یەکانی جامی‌جیهانیی ٢٠٠٢ کە لە کۆریای باشوورو ژاپۆن بەریوە چوون، بۆ ڕۆنالدۆ، ئەم یاریزانە ٢٦ سالەیە کە ٤ سالی رابردوو بە دەست ئازاری شکانی قاچیەوە نالاندبووی، مەیدانی درەوشانەوەو سەرکەوتن بوون.

## مرواریی دەریای وشە

- ئەوانەی دژی ئازادیی کەسانی دیکەن، بۆخۆیان شیاوی ئازادی نین. (ئابراهام لینکۆڵن)
- هەرچی قەفەس تەنگتر بێ، ئازادی شیرینترە. (پەندێکی ئەڵمانی)
- ڕۆژێك ژیان بە ئازادی، لە چل ساڵ دیلی باشترە. (بابەك خوڕەمدین)